DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi1.53



Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# پەڕتووکە سەرەتاییەکانی خوێندن لە باشووری کوردستان و زمانی پەڕتووکەکان

**پ.ی.د.عمر محمود کریم**

بەشی زمانی کوردیی/ فەکەڵتی پەروەردە/ زانکۆی کۆیە - هەرێمی کوردستان

Omar.mahmood@koyauniversity.org

**م.عمر احمد عبدالرحمن**

بەشی زمانی کوردیی- کۆلێژی پەروەردە/شەقڵاوە / زانکۆی سەلاحەدین - هەرێمی کوردستان

Omer.abdulrahman@su.edu.krd

## پوختە:

گەلی کورد لەبەر ئەوەی دوای یەکەم جەنگی جیهانیی، نیشتمانەکەی بەسەر وڵاتانی ناوچەکەدا دابەشکرا، بۆیە هەر لەسەرەتاوە هەوڵی تواندنەوەی دراوە، بەتایبەتی زمانەکەی کە لەزۆربەی بوارەکاندا قەدەغەکرابوو. لەوانەش بواری پەروەردە و فێرکردن. بۆیە هەر لە سەرەتاوە لە لایەن رۆشنبیرانەوە هەوڵێکی زۆر دراوە، بۆ بە کوردییکردنی خوێندن لە باشووری کوردستان دا. لەم چوارچێوەیەدا پرۆسەی بەکوردییکردنی خوێندن لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی رابردوو بەشێوەیەکی کرچوکاڵ و لەسەرخۆ دەستپێدەکات و، بە چەند وێستگەیەکدا تێپەردەبێت. ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ ئەو بابەتە تەرخانکراوە و هەوڵدەدات رێگەکانی دانانی پەرتووکی خوێندن، بەپێی بنەما پەروەردەییەکان بە گشتیی بخاتەروو، لەگەڵ دەستنیشانکردنی لایەنی ئەرێنیی و کەموکوریی رێگەگان. هەروەها بە وردیی سەرەتاکانی بە کوردییکردنی خوێندن قۆناغ بە قۆناغ دیارییدەکات، لەگەڵ چۆنێتیی و شێوازی دانانی پەرتووکە سەرەتاییەکانی خوێندنی کوردیی. دواتر لە چوارچێوەی چەند سەرنجێك دا، زمانی نووسینەوەی پەرتووکەکان هەڵدەسەنگێنیت و شییکرنەوە بۆ چەند نموونەیەك دەکات.. دەرکەوت کە کەموکوورییەکی بەرچاو هەن لەو بابەتە سەرەکییانەدا کە بە کۆی هەموویان شیاویی و پەسەندیی کتێبی خوێندن دیارییدەکەن. میکانیزمی دانانی کتێب سەرکەوتوو نییە چ بە راسپاردنی کەسیی بێت کە زۆر جار دانەر یان دانەران کەسانی پسپۆریی ورد نەبوون یان شیاونەبوون بەو ئەرکە تایبەتمەندە هەڵبسن، بە هەمان شێوە لەرێگەی لێژنەشەوە کەموکوورییەکان کاریگەرییان هەبووە لە دواکەوتنی بەردەستبوونی کتێبەکان لە وادەی خۆیدا یان ناکۆکیی زەق لە نێوان ئەندامانی لێژنەکان لەسەر هەر بابەتێک کە پێوەستیی بابەتیی یان مەنهەجیی بوون. لەبارەی ناوەڕۆکی کتێبەکان و لایەنە پێوەندییدارەکانی تری وەک: رێنووسی نووسیین و خاڵبەندیی و رستە و زاراوەکانەوە، گۆڕانکارییەک نابینرێت کە میتۆدی پێداچوونەوەی تێدا هەبێت و پشتبەست بێت بە رێسایەکی یەکگرتووانەی حوکوومیی یان دەستەجەمعییەکی فەرهەنگیی. هەر کتێبە و هەر دانەرە و هەر لێژنەیەی بە باوەڕ و دەستنیای خۆی رێنووس و شێواز و خاڵبەندیی و زاراوەی بەکارهێناوە.

**وشە کلیلەکان: بەکوردییکردنی خوێندن، پەرتووکی خوێندن، زمانی نووسینەوەی زانست، زاراوەی زانستیی، هەڵسەنگاندن.**

Recieved: 2/1/2022
Accepted: 7/2/2022



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

یەکێك لـە هـۆکارە سـەرەکییەکانی بەرەوپێشـبردنی کۆمەڵـگە، بریتییـە لـە بـواری پـەروەردە و فێرکـردن و، کاریگەریـی راستەوخۆی لەسـەر ژیانـی تـاك و کۆمـەڵ. پەرتـووك و پرۆگـرام یەکێکـە لـە پێداویسـتییە سـەرەکییەکانی خوێنـدن و بـواری پـەروەردە، کـە هەمیشـە جێـی بایەخـی پـەروەردەکاران بـووە و، بـە درێژایـی مێـژوو هەوڵـی بەرەوپێشـبردنی دراوە و بنەمـای بـۆ دانـراوە. خوێنـدن بـە کوردیـی لـە کورسـتانی عێـراق، لەچـاو میللەتانـی تـردا، مێژوویەکـی کۆنـی نییـە. لەوەتـەی هەیـە بـە چەنـد قۆناغێکـدا تێپەڕیـوە. ئـەم لێکۆڵینەوەیـە بـۆ سـەرەتاکانی دەسـتپێکردنی ئـەو پرۆسـەیە بـە زمانـی کوردیـی تەرخانکـراوە. بەتایبەتیـش مەبەسـتمانە تیشـك بخەینـە سـەر زمانـی خوێنـدن لـەم سـەردەمەدا.

ناونیشـانی لێکۆڵینـەوە: لێکۆڵینەوەکـە بـە ناونیشـانی (پەڕتووکـە سـەرەتاییەکانی خوێنـدن لـە باشـووری کوردسـتان و زمانـی پەڕتووکـەکان) ئەنجامـدراوە. هەوڵـدەدات قۆناغەکانـی بەکوردییکردنـی خوێنـدن لـە باشـووری کوردسـتان بخاتـەڕوو. لـەم سـۆنگەیەوە سـەرەتاکانی دەرچوونـی پەڕتووکـە کوردییەکانـی خوێندنـی خسـتۆتە بـەر بـاس و لێکۆڵینـەوە.

ڕێبـازی لێکۆڵینـەوە: لێکۆڵینەوەکـە بەپێـی ڕێبـازی (وەسـفیی - شـیکاریی) بەجێهێـنراوە. کـە تیایـدا شـیکردنەوە بـۆ هەلومەرجەکانـی بەکوردییکردنـی خوێنـدن کـراوە لـە باشـووری کوردسـتان.

سـنوور و کەرەسـتەی لێکۆڵێنـەوە: سـنووری کاری لێکۆڵینەوەکـە کوردسـتانی عێراقـە. لـەم پارچەیـەدا بـاس لـە پەڕتووکـە سـەرەتاییەکانی پرۆگرامـی خوێندنـی کوردیـی هەتاکـو سـاڵی ١٩٥٨ کـراوە. چەنـد نموونەیەکیـش لـە دەقـی ئـەو کتێبانـە وەرگیـراون، کـە هەموویـان بـە زاری ناوەڕاسـتی زمانـی کوردییـن.

ئامانجـی لێکۆڵینـەوە: ئامانجـی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە ئەوەیـە؛ سـەرەتاکانی بەکوردییکردنـی خوێنـدن لـە باشـووری کوردسـتان دەستنیشـان بـکات، لـە ڕێگـەی پەڕتووکـە سـەرەتاییەکانی خوێندنـەوە، دواتـر هەڵسـەنگاندن بـۆ زمانـی پەڕتووکـەکان بـکات.

پرسـیاری لێکۆڵینـەوە: پرسـیاری لێکۆڵینەوەکـە بریتییـە لـەوەی، ئایـا زمانـی پەڕتووکەکانـی خوێندنـی کوردیـی لـە قۆناغـە سـەرەتاییەکانی ئـەم پرۆسـەیەدا، پەیـڕەوی ئـەو بنەمـا زانسـتییانەی کـردووە، کـە پێویسـتە لـە نووسـینی پەڕتووکـی خوێندنـدا پەیڕەوبکرێـن؟ ئـەو زمانـەی پەڕتووکەکانـی پـێ نوسراوەتـەوە، لەگـەڵ یاسـا ڕێزمانییەکانـی زمانـی کوردیـی یەکدەگرێتـەوە؟ هەروەهـا تـا چەنـد ئـەم پەڕتووکانـە، بەپێـی ڕێگـە زانسـتییەکانی دانانـی پەڕتووکـی خوێنـدن دانـراون؟

### ناوەرۆکـی لێکۆڵینـەوە: لێکۆڵینەوەکـە جگـە لـەم پێشـەکییە، لـە پوختەیـەک و سێ بـەش پێکهاتووە.

بەشـی یەکـەم: لـەم بەشـەدا باسـی بنەماکانـی دانانـی پەڕتووکـی خوێنـدن کـراوە. لـەم چوارچێوەیـەدا چەنـد ڕێگەیەکـی زانسـتی تایبـەت بـەو بـوارە خراونەتـەڕوو، لەگـەڵ دیارییکردنـی لایەنـی ئەرێنیـی و نەرێنیـی هـەر ڕێگەیـەك لەوانـە. جگـە لـەوە، بـاس لـە بنەماکانـی زمانـی نووسـینەوەی زانسـت کـراوە، کـە پێویسـتە لـە نووسـینەوەی پەڕتووکـی خوێندنـدا لەبەرچاوبگیرێـت.

بەشـی دووەم: ئـەم بەشـە بـۆ خسـتنەڕووی هەلومەرجەکانـی بەکوردییکردنـی خوێنـدن لـە باشـووری کوردسـتان و

پرۆسـەی دانانـی پەڕتووکـە کوردییەکانـی خوێنـدن بەپێـی مێـژووی دانانیـان، هـەر لـە سـەرەتاوە تـا سـاڵی (١٩٥٨) تەرخانکـراوە. هـەر لـەم بەشـەدا زانیاریـی تـەواو لـە بـارەی کتێبەکانـەوە بەردەسـتخراون، وەك نووسـەر، سـاڵی چاپ...تـد.

بەشـی سـێیەم: چەنـد سـەرنج و تێبینییـەك لەبـارەی چۆنێتیـی دانانـی کتێبـەکان و زمانـی نووسـینەوەی کتێبـەکان خراوەتـەڕوو. لـە چوارچێـوەی تێبینییەکانـدا وەڵامـی پرسـیاری لێکۆڵینەوەکـە دراوەتـەوە. لـە کۆتاییـدا ئەنجامـەکان و لیسـتی سـەرچاوەکان خراونەتـەڕوو.

## بەشی یەکەم
## دانانی پەڕتووکی خوێندن و زمانی پەڕتووکەکان:

١/١ ناسـاندنی پەڕتووکـی خوێنـدن١: دوای ئـەوەی فێربـوون و فێرکـردن لـە کوردسـتان دا قۆناغـی حوجـرەی تێپەڕانـد و قۆناغـی خوێندنـی فەرمیـی دەسـتپێکرد، پێداویسـتییەکانی ئـەم قۆناغـە جیـاواز بـوون، هـەر لـە رووی کتێـب و پرۆگـرام و مامۆسـتا و قوتابییـەوە، هەتـا دەگاتـە کات و شـوێن و بینـای قوتابخانـە. ئـەوەی زیاتـر پەیوەندیـی بـە لێکۆڵینەوەکـەی ئێمـەوە هەیـە، پەڕتووکـی قوتابخانەکانـە، کـە ئەویـش لـە قۆناغـی سـەرەتادا زۆر کرچـوکاڵ بـوون، دواتـر پەیتاپەیتـا بەرەوپێشـچوونی بـە خۆیـەوە بینیـوە، هەتـا رۆژگاری ئەمڕۆمـان. گۆڕانکاریـی لـە شـێوازی ژیـان و پێشـکەوتنی تەکنەلۆجیـا و زیادبوونـی پێداویسـتییەکان، لـە سـەردەمێکەوە بـۆ سـەردەمێکی تـر. ئەمـە وایکـردووە کـە پرۆگرامـی خوێندنیـش لەگـەڵ داواکارییەکانـی ئـەم پێشـکەوتنە گۆڕانـی بەسـەردا بێـت و هەمـان پێشـکەوتن بەخۆیـەوە ببینێـت، کـە لـە ژیانـی مرۆڤـدا هاتۆتـە پێشـەوە.

کتێبـی قوتابخانـە لایەنێکـی گرنگـی سیسـتمی پـەروەردە و فێرکردنـە، بەهـۆی ئـەوەی بـە بەردەوامیـی هەڵسـەنگاندنی بـۆ دەکرێـت، هەرجـارەو هەنگاوێـك بـەرەو پێشـەوە دەچێـت، تاوەکـو بتوانـێ خـۆی لەگـەڵ گۆڕانکارییەکانـدا بگونجێنیـت، یاخـود هەرخـۆی لـە چوارچێـوەی پرۆسـەی خوێنـدن و پـەروەردەدا، هەوڵبـدات گۆڕانکاریـی لـە ژیانـی کۆمەڵگـەدا دروسـتبکات.

کتێبـی قوتابخانـەکان جۆرێـك کتێبـە، کـە بنەمـا و شـێواز و ئامانـج و گرنگیـی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە، ئـەم تایبەتمەندییـە لـە جـۆری کتێبەکانـی تـر جیایدەکاتـەوە. بـە پێـی سـەرچاوەکان کتێبـی قوتابخانـە پێناسـەی جیـاوازی بـۆ کـراوە، هەندێکیـان هەوڵیانـداوە پێناسـەکە سـنوردار بکـەن و، هەندێکیـان بەرفراوانـتر لـە بابەتەکـە دەڕوانـن. هەندێـك لـە توێـژەران چەمکـی پرۆگرامـی خوێنـدن فراوانـتر دەبینـن لـە پەڕتووکـی خوێنـدن، پێیانوایـە بازنـەی پرۆگرامـی خوێنـدن فراوانـترە لـە پەڕتووکـی خوێنـدن. بـە شـێوەیەك پرۆگـرام جگـە لـە پەڕتووکـی خوێنـدن، کۆمەڵێـك ئامـراز و چەمکـی تـر لەخۆدەگرێـت. ئـەم بۆچوونـە پێیوایـە (زاراوەی پرۆگـرام لـە زانسـتی پرۆگـرام یـان پرۆگرامسـازییەوە Methodology سـەرچاوەی گرتـووە و لقێکـە لـە لقەکانـی ئبسـتمۆلۆژیا، لـە بنەڕەتـدا وشـەیەکی فـرە رەهەنـدە، هەمـوو یەکـە پێکهێنەرەکانـی کـردەی پـەروەردە لەخۆدەگرێـت، کـە دایەنگـە و قوتابخانـە و خوێندنگـە و... تـد، بەتایبەتـی دامـەزراوە پەروەردەییـەکان بـە گشـتیی دەینوێنـن و بریتییـن لـە (کتێـب، رۆڵـی مامۆسـتا، کەرەسـتەکانی فێرکـردن... تد.))(حسـێن: ٢٠١٦: ١٦٦) سـەرەڕای هەبوونـی کۆمەڵێـك ئامـرازی تـر، بـۆ ئەنجامدانـی پرۆسـەی پـەروەردە و جێبەجێکردنـی پرۆگـرام وەك (گۆڤـار و فلیـم و تەلەفزیـۆن و رادیـۆ و

١ - کتێبـی قوتابخانـەکان لـە رووی زاراوەوە، زاراوەی جیاجیـای بـۆ بەکارهاتـووە، لـە کوردیـی دا ( پەڕتووکـی خوێنـدن، پەڕتووکـی فێرکاریـی، پەڕتووکـی قوتابخانـەکان، کتێبـی قوتابخانـەکان، کتێبـە فێرکارییـەکان.... تـد )یـان بـۆ بەکارهاتـووە.

کۆمپیوتـەر و... تـد). (اللقـانی: ١٩٨١: ٥٤)

پەڕتووکـی خوێنـدن یەکێکـە لـە توخمـە هـەرە سـەرەکییەکانی پرۆگرامـی خوێنـدن، کـە لـە ڕێگەیـەوە سیاسـەتی پەروەردەییـی ئاراسـتەدەکرێت. بۆیـە هەندێـك لـە توێـژەران، لـە سـۆنگەی گرنگیـی زیاتـری پەڕتووکـی خوێنـدن، هەوڵـدەدەن جیاوازیـی لـە نێـوان پەڕتووکـی خوێنـدن و پرۆگرامـی خوێنـدن دا نەکـەن، ئەمانـە پێیانوایـە جیانەکردنەوەیـان کارێکـی ئاسـاییە، چونکـە (پەڕتووکـی خوێنـدن بەجێبەجێکردنـی ڕاسـتەوخۆی پرۆگرامـی خوێنـدن دادەنرێـت، بـە تـەواوی ئامانـج و نـاوەڕۆك و میتـۆد و شـێوازی هەڵسـەنگاندنییەوە، یەکێکـە لـە باوتریـن سـەرچاوەی فێرکـردن لـە هەڵوێسـتە فێرکارییـەکان دا.)(جوارنـە: ٢٠٠٨: ١٥) لەمـەش روونـتر، هەندێـك لـە توێـژەران پێیانوایـە (پەڕتووکـی خوێنـدن نوێنـەری جێبەجێـکاری پرۆگرامـە، یاخـود بەتەواویـی لەبرییەتـی. یـان وردتـر بڵێیـن هـەر کتێبـی خوێنـدن خـۆی بریتییـە لـە پرۆگرامـی خوێندن.)(بشیری: ٢٠١٥: ٥١). هـەر لـەم ڕوانگەیـەوە، ئـەم لێکۆڵینەوەیـەش هەوڵـی جیاکردنـەوەی ئـەم دوو چەمکـە نـادات، پێیوایـە مەبەسـت لـە پرۆگرامـی خوێنـدن بریتییـە لـە پەڕتووکەکانـی خوێنـدن.

٢/١پەڕتووکـی خوێنـدن و گرنگییەکـەی: پەڕتووکـی خوێنـدن بەپێـی سـەرچاوەکان و ڕێکخراوەکانـی تایبـەت بـە بـواری پـەروەردە و فێرکـردن، پێناسـەی جۆراوجـۆری بـۆ کـراوە. لـەم ڕووەوە ڕێکخـراوی یۆنسـکۆ پێیوایـە، هـەر چاپکراوێـك خولیـی نەبێـت و ژمـارەی لاپەڕەکانـی لـە (٤٩) لاپـەڕە کەمـتر نەبێـت جگـە لـە بەرگەکانـی، هەروەهـا لـە چوارچێـوەی پرۆسـەی خوێندنـدا، لـە قوتابخانـەکان بەسـەر قوتابیانـدا دابەشـبکرێت. بـۆ ئـەوەی سـودی لێوەربگـرن، ئـەوا دەچێتـە بازنـەی پەڕتووکـی خوێندنـەوە. (پەتـی: ٢٠٠٦: ٩٦)

پەڕتووکـی خوێنـدن یەکێکـە لـەو ئامرازانـەی کـە بەکارهێنانێکـی زۆری لـە بـواری پـەروەردە و فێرکردنـدا هەیـە، بابەتـی خوێنـدن بـە تـەواوی پشـتی پێدەبەسـتێت لـە قۆناغـە جیاوازەکانـی خوێندنـدا. ئاسـانترین پێناسـەی پەڕتووکـی خوێنـدن ئەوەیـە، کـە بریتییـە لـە هەگبەیـەك ئـەو زانیاریـی و چەمکانـەی لەخۆگرتـووە، کـە پێویسـتە لـە پرۆسـەی خوێندنـدا بـە قوتابیـی بگـەن. (حلـس: ٢٠٠٧: ٥)

پەڕتووکـی خوێنـدن بـە شـێوەیەکی بەرنامـە بـۆ داڕێـژراو لـە لایـەن کەسـانی پسـپۆڕەوە دادەنرێـت، هـەر بۆیـە یەکێـك لـە تایبەتمەندییـە گرنگەکانـی ئـەم پەڕتووکـە، بریتییـە لـە گونجانـی لەگـەڵ ئاسـت و توانـای قوتابیـان بـۆ تێگەیشـتنیان لـە بابەتەکانـی ئـەم پەڕتووکـە. (الوطبـان: ٢٠١٩: ٨١).

گرنگیـی پەڕتووکـی خوێنـدن: دەبـێ سـەرنجی ئـەوە بدەیـن کـە پەڕتووکـی خوێنـدن بـۆ جێبەجێکردنـی پرۆسـەی پـەروەردە و فێرکـردن، گرنگیـی تایبەتـی خـۆی هەیـە، لـە ڕاگرتـن و پتەوکردنـی باڵەخانـەی ئـەم پرۆسـەیە بـە بەردی سـیلە دادەنرێـت. توێژەرانـی ئـەم بـوارە بـۆ خسـتنەڕووی گرنگیـی ئـەم جـۆرە پەڕتووکهیـان بـە چەندیـن خـاڵ دەستنیشـانیان کـردووە:

سـەرچاوەی زانسـتیی سـەرەکیی، خاڵـی دەسـتپێکە بـۆ قوتابیـان، لـە کاتـی لێکۆڵینـەوەدا یارمەتییـان دەدات بـۆ شـارەزابوون و بیرکردنـەوە بـە شـێوەیەکی ڕێکخـراو. (عـارف و ئـازاد: ٢٠١٨: ٣٠٢)

هـۆکارە جۆراوجۆرەکانـی خوێنـدن لەخۆدەگرێـت، لـە وێنـە و نەخشـەی هەمەڕەنـگ و شـێوەکانی ڕوونکردنـەوە و ئامـارەکان. ئەمانـەش لەسـەر دەوڵەمەندکردنـی پرۆسـەی فێرکـردن کاریگەرییـان هەیـە. (هەمـان سـەرچاوە: ٣٠٢)

پەڕتووكی خوێندن وا لە مامۆستا دەكات، لە كاتی پێشكەشكردنی زانیاریی بۆ قوتابییەكانی، هەست بە ئاسودەیی بكات و، دڵنیابێت لەوەی كە زانیارییەكان راست و ورد و زانستیین. (هندام و جابر: ١٩٧٨: ٣٠٢) بە هۆیەوە قوتابیان بەها كۆمەڵایەتییە راست و دروستەكان فێردەبن.

پەڕتووكی خوێندن، هێڵە گشتییەكانی بابەتی خوێندن روونده‌كاتەوە، لەگەڵ ئەو رێگەیەی كە گونجاوە بۆ وتنەوەی بابەتەكە. (حلس: ٢٠٠٧: ٦)

پەڕتووكی قوتابخانە بۆ پارێزگارییكردن لە كلتوور و شارستانێتیی كۆمەڵگە، هۆكارێكی گرنگە، ئەویش لە رێگەی گواستنەوەی ئەم كلتوورە، لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تر. (اللقانی و اخرون: ١٩٨٦: ٥٤-٥٥).

سەرباری ئەمانە، پەڕتووكی خوێندن گرنگیی زۆری هەیە؛ بەوەی كە قوتابیان دەتوانن پشتیپێببەستن، بۆ بەبیرهاتنەوەی زانیاریی بۆی بگەڕێنەوە، چونكە ئەم پەڕتووكە بە هاوڕێ و نزیكی قوتابیان دادەنرێت، بۆ سەركەوتن لە پرۆسەی خوێندن دا یارمەتیدەریان دەبێت، هەروەها كۆمەڵێك زانیاریی لەخۆگرتووە، كە بە شێوەیەكی رێكوپێك و بەرنامەبۆدارێژراو رێكخراون، ئەمەش وا لە خوێندكاران دەكات لە سەرلێشێواویی و تێكەڵ و پێكەڵكردنی زانیارییەكان بەدووربن. هەروەها سەبارەت بە مامۆستاش، یارمەتیدەرێكی باشە، كرداری ئامادەكردنی بابەتی زانستیی بۆ ئاساندەكات و ئەو مادده زانستییە دەستنیشاندەكات، كە پێویستە مامۆستا بە قوتابییانی بڵێتەوە. (الحثروبی: ١٩٩٧: ٧٨)

## ٣/١ رێگەكانی دانانی پەڕتووكی خوێندن (كتێبی قوتابخانەكان):

دانانی پەڕتووكی خوێندن بریتییە لە پرۆسەیەكی تەواو تایبەتمەند، بۆیە زۆر پێویستی بە وردیی و لێهاتوویی هەیە. پرۆسەی دانانی پەڕتووكی خوێندن كەسانێك بەجێیدەهێنن، كە پێویستە ئامادەیی و توانایەكی تایبەتیان لەم بوارەدا هەبێت. وەك ئاماژەمان پێكرد پرۆسەی پەروەردە و فێركردن خۆی كردارێكی گرنگ و هەستیارە، بۆیە پێویستە ئەو پەڕتووكەی بۆ ئەم بوارە دادەنرێت لە بەرزترین پلەی وردیی و پووختیی و لێهاتوییدا بێت، لەسەر بنەمایەكی زانستیی و رێكخراو دامەزرابێت. هەركەس و دەستگایەك كە ئەم ئەركەی پێدەسپێردرێت، پێویستە جگە لە لایەنی تایبەتمەندیی زانستیی بابەتەكە و شارەزایی لە بواری پەروەردە و فێركردن، رەچاوی لایەنی زمانی نووسینەوەی پەڕتووكەكە بكات و شارەزایی لەو بوارەدا هەبێت. كەواتە (هەر چ دەستگایەك بەرپرسیارێتیی دانان و پێشخستنی بەرنامەی ئەو خوێندنە دادەنێت پێویستە بە پلەی یەكەم بە پسپۆڕی زانستیی زمان پشت ببەستێت.)(محوی و معروف: ٢٠١٦: ١٣٢). ئەمەش هۆكارەكەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، كە زمانی پەڕتووكی خوێندن لایەنێكی گرنگە، پێویستە لەكاتی دانانی پەڕتووكەكەدا، بە وردیی رەچاوی ئەم لایەنە بكرێت، تاوەكو پەڕتووكەكە لەلایەنی زمانەوە شێوازێكی ئاسانی هەبێت، بابەتەكانی بەباشی پێشكەشبكرێن. زانیارییەكان تیایدا پلە بە پلە پێشكەشبكرێن، واتە لە ئاسانەوە بەرەو گرانتر دەستپێبكات، لەگەڵ ئاستی زمانی قوتابیی دا بگونجێت. (بشیری: ٢٠١٥: ٦٨)

زۆر رێگە هەن بۆ دانانی پەڕتووكی خوێندن، پسپۆڕانی ئەم بوارە سێ رێگەی سەرەكییان دەستنیشانكردووە: (مرعی و الحیلە: ٢٠٠٤: ٣١١-٣١٢)

## یەکەم: ڕێگەی ڕاسپاردن(تەکلیف):

بەپێی ئەم ڕێگەیە، لایەنی پەیوەندییدار داوا لە کەسێك یان چەند کەسێك دەکات، بۆ ئەوەی پەڕتووکێکی دیارییکراو، یان چەند پەڕتووکێکی دیارییکراوی خوێندن، دابنێن و لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئامادەی بکەن، بە مەرجێك دانانی کتێبەکە لەژێر ڕۆشنایی پرۆگرامی بڕیارلێدراوی وڵات دا بێت، لە حاڵە گشتییەکانی دەرنەچێت. لە بەرامبەردا کەسەکە پاداشتێک (هەقدەستێک) وەردەگرێت.

## لایەنی ئەرێنیی ئەم ڕێگەیە:

لایەنی ئەرێنیی ئەم شێوازە ئەوەیە، کە شێوازێکی خێرایە و بوار بۆ لایەنی پەیوەندییدار دەڕەخسێنێت، کە ئەو خۆی کەسەکان دەستنیشان بکات.

کەموکووڕییەکانی ئەم ڕێگەیە: هەندێکجار وا ڕێکدەکەوێت، هەڵبژاردنی کەسەکە سەرکەوتوو نەبێت، چونکە جاری وا هەیە بەتەنیا پشتبەستن بە ناوبانگی ئەو کەسەی بۆ ئەم کارە دەستنیشاندەکرێت، یان شوێنی کەسەکە لە ناوەندەکانی بەڕێوەبردن دا، بۆ هەڵبژاردنی کەسی شیاو بۆ ئەم پرۆسەیە بەس نییە.

دووەم: ڕێگەی ڕاگەیاندنی ئاشکرا یان کێبڕکێ:

ئەمە ڕێگەیەکی باوە، لایەنی پەیوەندییدار، بۆ نموونە وەزارەتی پەروەردە، کێبڕکێیەك ڕادەگەیێنێت بۆ دانانی پەڕتووکێکی خوێندن. لە بەرامبەریشدا پاداشتێک بۆ ئەو کەسەی لە کێبڕکێیەکە سەردەکەوێت دیارییدەکات. لە ڕاگەیاندنەکەدا هەموو لایەنەکانی کتێبەکە ڕادەگەیەنرێت، وەک مەرج و جۆری کتێبەکە.

لایەنی ئەرێنیی ئەم ڕێگەیە: ئەم ڕێگەیە ڕێگایەکی بابەتییە، هیچ جۆرە دڵدانەوە و خزمایەتییەکی تێدا نییە، لەبەر ئەوەی دانەری کتێبەکان ناسراو نین و کارەکە بە نهێنیی جێبەجێدەکرێت.

کەموکووڕییەکانی ئەم ڕێگایە: یەکێك لە کەموکووڕییەکانی ئەم ڕێگایە ئەوەیە، دەشێت لەکاتی هەڵسەنگاندنی پەڕتووکەکە و هەڵبژاردنی ڕاسترینەکەدا لایەنگریی هەبێت.

سێیەم: ڕێگەی لێژنەکان: بەپێی ئەم ڕێگەیە لایەنی پەیوەندییدار هەوڵدەدات بۆ هەموو قۆناغەکانی بنەڕەتیی و ئامادەیی، بە مەبەستی دانانی پەڕتووکی خوێندن کۆمەڵێك لێژنە پێکبهێنێت.

کەموکووڕییەکانی ئەم ڕێگەیە: ئەوەیە کە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە کاتێکی زۆری پێویستە. هەروەها هەندێکجار ئەو پەڕتووکەی بەرهەمهاتووە، لە ئاستی پێویستدا نییە. چونکە سرووشتی بابەتی لێژنە و لێژنەکاریی وایە، هەستیاریی دەکەوێتە نێوان دانەری کتێبەکان.

٤/١ هەڵسەنگاندنی لایەنەکانی پەڕتووکی خوێندن: پەڕتووکی خوێندن بە تەواویی نوێنەرایەتیی پرۆگرامی خوێندن لە سیستمی پەروەردەی وڵاتانی جیهان دا دەکات، ئەم پەڕتووکانەش تایبەتمەندێتیی خۆیان هەیە. بەوەی کە هەر قۆناغێکی خوێندن و هەر بابەتێکی زانستیی تایبەت، کۆمەڵێك پێوەری تایبەتی لەخۆگرتووە، پێویستە ئەم پێوەرانە لە پەڕتووکەکانی تایبەت بەو قۆناغە یان تایبەت بەو بابەتە زانستییە، ڕەنگیدابێتەوە و پەیڕەوی پێوەرەکانی کردبێت.

پەڕتووکی خوێندن ڕۆڵێکی زۆر کاریگەری لە ئاراستەکردنی کۆمەڵگا و پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دا هەیە، بۆیە دەبێ بەردەوام هەڵسەنگاندن بۆ ئەم جۆرە پەڕتووکانە بکرێت، لایەنی چاك و خراپیی پەڕتووکەکان بخرێنەڕوو، بە ئامانجی باشترکردنی پرۆگرامی خوێندن، لەم بارەیەوە پێویستە هەڵسەنگاندنەکان هەمەلایەنە

بـن. بـە واتـای ئـەوەی هەمـوو لایەنەکانـی پەڕتووکەکـە بگرێتـەوە. هـەر لایەنێکیـش لـەو لایەنانـەی هەڵسـەنگاندنی بـۆ دەکرێـت، پێویسـتی بـە پسـپۆڕیی تایبـەت هەیـە. چونکـە لایەنـەکان هەمەچەشـنەن و هـەر یەکـەی دەچێتـە بـواری پسـپۆڕییەکی تایبەتـەوە. بەشـێوەیەکی گشـتیی ئـەو لایەنانـەی کـە پێویسـتە هەڵسـەنگاندنیان بـۆ بکرێـت، بریتیـن لـە:

هەڵسەنگاندن بۆ ئامانجەکانی پەڕتووکی خوێندن:

هەڵسـەنگاندنی شـێوەی گشـتیی پەڕتووکـی خوێنـدن: بڕیـار لەسـەر ئـەوە دەدرێـت، کـە تـا چەنـد شـێوەی دەرەکیـی و بەرگـی کتێبەکـە سەرنجڕاکێشـە، تـا چەنـد گونجـان لـە نێـوان ڕەنگـە بەکارهاتووەکانـدا هەیـە.

هەڵسـەنگاندنی لایەنـی چاپەمەنیـی پەڕتووکـی خوێنـدن: ئەمـەش لایەنـی چڕیـی و زۆریـی و کەمیـی وشـەکان دەگرێتـەوە لـە یـەك دێڕدا، لەگـەڵ چەندێتیی دێڕەکان لـە یـەك لاپـەڕەدا، هەروەهـا جۆرییێتیـی چاپکردن و جـۆری پـەڕەکان و ڕوونیـی لـەو مەرەکەبـەی بـۆ چاپکـردن بەکارهاتـووە.

هەڵسـەنگاندنی زمانـی پەڕتووکـی خوێنـدن: ئـەم لایەنـە کـە جێـکای بایەخـی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە، یەکێکـە لـە لایەنـە هـەرە گرنگـەکان، کـە پێویسـتە بـە تێروتەسـەلیی، هەڵسـەنگاندنی بـۆ بکرێـت، لـەم بـوارەدا، ڕوونیـی و ڕەوانیـی زمـان و بەکارهێنانـی زاراوەی گونجـاو بـۆ تەمەنـە دیاریکراوەکان لەلایـەك، هەڵـەی زمانەوانیـی و ڕێنـووس و هەڵـەی چـاپ لـە لایەکـی تـرەوە، گرنگتریـن بابەتـن، کـە پێویسـتە لەکاتـی هەڵسـەنگاندنی پەڕتووکـی خوێنـدن دا، لەبەرچاوبگیرێـن و گرنگیـی زۆریـان پێبدرێـن.

لایەنـی زانسـتیی پەڕتووکـی خوێنـدن: ئەمـەش لایەنـی ڕاسـتیی و دروسـتیی زانیارییـەکان دەگرێتـەوە، کـە پێویسـتە کەسـی پسـپۆڕ هەڵسـەنگاندنی بـۆ بـکات. (بشـیری: ٢٠١٤: ٧١-٧٢).

سـەرەڕای هەڵسـەنگاندن بـۆ لایەنـی پەروەردەیـی و زانسـتیی پەڕتووکـی خوێنـدن. پێویسـتە هەڵسـەنگێنەری ئـەم جـۆرە پەڕتووکـە، لەکاتـی هەڵسـەنگاندنی زمانـی پەڕتووکەکانـدا، ئـەم لایەنانـە لەبەرچـاو بگریـت. کـە ئـەم لایەنـەش ئامانجـی سـەرەکی ئـەم لێکۆڵینەوەیهیـە، هەوڵدەدەیـن ئـەو لایەنانـە بخەینـەڕوو کـە پێویسـتن لەبەرچاوبگیرێـن سـەبارەت بـە زمانـی نووسـینەوەی پەڕتووکـی خوێنـدن.

## - هەڵسەنگاندنی زمانی پەڕتووکی خوێندن:

یەکـەم/زاراوە: ئایـا ئـەم پەڕتووکـە چەنـد زاراوەی نوێـی لەخۆگرتـووە بـە گوێـرەی قوتابیـی، هەروەهـا ژمـارەی دووبارە بوونـەوەی وشـە نوێیـەکان، لـە نـاو پەڕتووکەکـەدا و ڕادەی ئاسـانیی وشـەکان، کـە تـا چەنـد قوتابییـان لێـی تێدەگـەن. لەگـەڵ ئەمەشـدا بەکارهێنانـی زاراوەی زانسـتیی لـە بـوارە زانسـتییە جیاوازەکانـدا شـێواز و ڕێوشـوێنی تایبـەت بەخـۆی هەیـە. چونکـە لـەم بـوارەدا هـەر زانسـتێك زمانێکـی تایبەتیـی هەیـە کـە پێـی دەناسرێتـەوە، ئەمـەش بـە تـەواوی لـە زاراوەکانـی سـەر بـەو زانسـتەدا ڕەنگدەداتـەوە. بۆیـە زاراوەی زانسـتی ڕۆڵـی گرنگـی هەیـە لـە چوارچێـوەی زمانـی نووسـینەوەی زانسـت دا.

گرنگیـی زاراوەی زانسـتیی: زاراوەی زانسـتیی ڕۆڵ و گرنگیـی خـۆی لـە چوارچێـوەی زمانـی زانسـت دا هەیـە؛ بەتایبـەت جـاری وا هەیـە ئەگـەر لـە نووسـینێکدا زاراوەیـەك بەکارهاتبێـت و خوێنـەر واتـا و چەمکـی ئـەو زاراوەیـە نەزانێـت، ئـەوا لـە نووسـینەکە تێنـاگات، بـە پێچەوانـەوە زانینـی واتـای زاراوەکـە تێگەیشـتن ئاسـانتر دەکات. ئـەم بـارە لـە بابەتـی دەقـە فێرکارییـەکان و کتێبـی قوتابخانەکانـدا ئەولاتـرە. بەگشـتیی گرنگییەکانـی

زاراوەی زانستیی بریتین لە:

١- زاراوە بۆ لێکۆڵینەوەی زانستیی بە بنەما دادەنرێت، چونکە نیشانەکانی زانستەکە بە هۆی زاراوەوە نەخشەڕێژ دەکرێن، هەروەها بنەماکانی زانستەکە ڕووندەکاتەوە.

٢- بەهۆی زاراوەوە مامەڵەکردن لەگەڵ چەمکە نوێیەکاندا ئاسان دەبێت، بەتایبەت ئەوانەی کە هیچ هێمایەکیان لە ئینسکلۆپیدیای زمان دا نییە، ئەمە لەلایەك وەرگرتنی ئەم چەمکانە و تێکەڵکردنیان لەگەڵ ڕۆشنبیریی نوێ دا، لەلایەکی تر. بەهۆی زاراوەوە دەتوانرێت لە زانستەکان تێبگەین و پارێزگاریی لێبکرێت و بگوازرێتەوە بۆ نەوەی داهاتوو. (حنان: ٢٠١٦: ٨)

دووەم/ رستە: ئەمەش ئەو لایەنە دەگرێتەوە، کە ئایا ئەو رستانەی بەکارهاتوون، تا چەند لە رووی رۆنانەوە (درێژیی و کورتیی)گونجاوون؟ هەروەها رادەی روونیی ئەو بیرۆکەی رستەکە لەخۆیگرتووە، لەگەڵ پاش و پێشخستنی کەرتە پێکهێنەکانی رستەکە، هەموویان بەیەکەوە بابەتی گرنگی هەڵسەنگاندنن، پێویستە هەڵسەنگێنەر لەبەرچاویان بگرێت(جرار: ٢٠٠١: ٧٣-٧٤). سەبارەت بە درێژیی و کورتیی رستە، زۆری ژمارەی وشەکان لە پێکهاتی رستەکان دا دەبێتە هۆکار بۆ بە گران تێگەیشتن لە دەقەکەدا، ئەمە پێچەوانەکەشی راستە. لەبەر ئەوەی درێژیی رستە بەیەکەوە، بەستنی بیرۆکەکان لە خوێنەر داوادەکات، لە هەمان کات دا وا لە خوێنەر دەکات ئامادەنەبێت بۆ ئەم بەیەکەوە بەستنە.)(ابو عمشە: ٢٠١٥: ١١)

هەروەها جۆری رستەش کاریگەریی لەسەر ئاسانیی یان گرانیی بۆ تێگەیشتن لە واتای رستەکە هەیە، ئەو رستانەی کە بە ناو دەستپێدەکەن ئاسانترن بۆ تێگەیشتن، لەو رستانەی کە بە فرمان دەستپێدەکەن. (عیاش: ٢٠١٥: ٨٤) هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ناو بۆ تێگەیشتن لە فرمان ئاسانترە. (ابو عمشە: ٢٠١٥: ١١)

## سێیەم/ڕێنووس:

ڕێنووس هەوڵێکی مرۆڤە بۆ تۆمارکردنی دەنگەکانی، پەیوەندی بە زمانەوانییەوە نییە (دەمێکە زمانەوانان ڕێنووسیان لە گێروگرفتەکانی زمانەوانیی جیاکردۆتەوە و ڕێنووسیان لە زمانەوانیی دەرهێناوە... ڕێنووس بووە بە شتێکی کۆمەڵایەتیی و پێکهاتنی عەفەویی لەسەریا، دەمێکە زمانەوانانی جیهان توخنی ڕێنووس ناکەون و، هیچ ڕێبازێکی زمانەوانیی نییە باسی ڕێنووس بکات.)(امین: ٢٠١٦: ژ.٣٦: ٨) ئەوەی گرنگە لەبارەی ڕێنووسەوە ئەوەیە، کە ڕێکەوتنی کۆمەڵگەی لەسەربێت و هەموویان لەسەر جۆرێك یان شێوازێك ڕێکبکەون، جا هەرچۆنێك بێت. بە پێچەوانەوە ئەگەر هات و ڕێنووسی هەر زمانێك ڕێککەوتنی بەکارهێنەرەکانی لەسەر نەبێت، ئەوا هەر یەکە و بە جۆرێك دەنوسێت و دەبێت بە پاشاگەردانیی. ئەم ئەرکەش دەکەوێتە ئەستۆی لایەنی پەیوەندیدار و فەرمیی، پێویستە بە بڕیار لە دامودەزگاکانی حکومەت و قوتابخانە و زانکۆکاندا جێگیر بکرێت.

هەموو ئەو زمانانەی کە ئێستا خراونەتە قاڵبی نووسین و شێوەی نووسینیان هەیە، لە نووسین و وتنی وشەکانیاندا بەدەرنین لە گیروگرفت. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە (زمان دیاردەیەکی زیندووە، لە رادەبەدەر ئاڵۆز و تێکچڕاوە، هەمیشە لە جوڵە و گۆڕاندایە، سروشتێکی سرکی جیوەیی هەیە، نووسین وشك و مەییوو وەستاوە. بۆیە نووسین هەرگیز ناتوانێ پڕ بە پێستی وتنی زمانەکە بێت.)(وریا عمر: ژ٣٦: ٢٠١٦: ٧) بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ئەم هۆکارە زانستییە ببێتە بیانوو بۆ ئەوەی گرفتەکان زیاتر بکرێن.

ناکرێت لە دەقێکدا شێوازی نووسینی جیاواز هەبێت بۆ تاکە وشەیەك بەتایبەتی لە نووسینی پەڕتووکەکانی خوێندندا، چونکە پەیوەندی بە فێرکردن و تێگەیشتنەوە هەیە، (درووستنووسی لە داڕشتنی زمانی نووسین دا ئاسان تێگەیشتن دێنێتە ئاراوە، بە پەیڕەوکردنی یاسا زمانییەکان، شێوازی نووسین و خوێندنەوە ئاسان دەبێت.)(عبدللە:٢٠١٦: ٢١٢) بەمەش قوتابی رێگەکەی بۆ کورتدەبێتەوە و باشتر لە خاڵی ئامانج نزیکدەبێتەوە کە تێگەیشتنە. بە پێچەوانەوە هەڵەی رێنووسیی، کارەکەی لێئاڵۆزتر دەکات، چونکە (هەڵەی رێنووسیی، تێڕوانینی خراپ و تێنەگەیشتنی واتا و تێکدانی پێڕەوی زمانی لێدەکەوێتەوە، هەربۆیە زۆر گرنگە بە وردی،ی پرۆگرامی خوێندن دابنرێت و بەتەواوی رەچاوی هەموو بنەما و یاساکانی رێنووسی وشە بکرێت.)(فقێ: ٢٠١٥: ١٤٢)

لەم لایەنەوە د. محمد معروف دوو رێگەی سەرەکیی دەستنیشانکردووە بۆ یاسای نووسین و نواندنی یاسا دەنگییەکانی زمان.

## نووسینی وشەیی یان مۆرفیمیی.

نووسینی دەنگیی یان فۆنەتیکیی. (فتاح: ٢٠١٠: ٤٨) رێگەی دووەم بۆ چەند بەشێك دابەشدەبێت ٢.

بابەتی رێنووس بەتایبەتی لە نووسینی دەقە فێرکارییەکان لە پرۆگرامەکانی خوێندندا، پێویستە بە شێوەیەکی یەکگرتوو پەیڕەو بکرێت، دامودەزگا پەیوەندیدارەکان نابێت بە بیانووی ئەوەی کە رێنووس بابەتێکی کێشەدارە، لە هەموو زمانەکاندا بوونی هەیە، رێگەبدەن هەمەجۆریی و هەمەچەشنیی رێنووس لە کتێبی قوتابخانەکاندا بوونی هەبێت، بەتایبەتی لە قۆناغی سەرەتایی، چونکە قوتابیی لەم قۆناغەدا بە ئاسانیی ئەم بابەتەی بۆ لێکنادرێتەوە. ئەوەی تێبینیی دەکرێت (ئەمڕۆ لە کوردستان دا نووسین بە زمانی کوردیی زۆر پەرەیسەندووە، بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستانی عیراق دا. خوێندنی هەموو قۆناغەکان ١٢ ساڵ بە زمانی کوردییە. نووسینی دامودەستگاکانی حکومەت بە کوردیین. راگەیاندن و رۆژنامەوانیی و چاپی کتێب زۆر فراوانبووە، لە دەرەوەی کوردستانیش دام و دەستگای خوێندن و رووناکبیریی دامەزراون، بەڵام رێنووسی یەکگرتوو لە کایەدا نییە، تەنانەت لەسەرنجدانێکی سەرپێی و بە پەلەش بە بڵاوکراوەکاندا، هەست بەم پشێوی و کەس بە کەس نەبوونە دەکرێت، ئەمە کاریکی نالەباری کردۆتە سەر تەواوی بزوتنەوەی خوێندەواریی و رووناکبیریی. بە تایبەتیش لە قوتابخانەکاندا کە قوتابی هەست بە سەرلێشێواویی دەکات.) (حەبیب: ٢٠٠٥: ٦)

چارەسەری گرفتی رێنووس و نووسین بە رێنووسێکی یەکگرتوو، ئەوەندە کارێکی گران نییە. بەتایبەت لە نووسینی پەڕتووکەکانی خوێندن دا، چونکە ئەم پەڕتووکانە بە فەرمانی فەرمیی وەزارەتی پەروەردە لە

٢- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

١- محمد معروف فتاح. لێکۆڵینەوە زمانییەکان، ٢٠١٠

٢- مسعود محمد هەندێ بابەتی زمان و رێنووسی کوردی، ٢٠١١

٣- وریا عمر امین، فۆبیای رێنووس، ٢٠١٦.

٤- بەدران ئەحمەد حەبیب، رێنوسی ییکگرتووی کوردی، ٢٠٠٥

٥- لێژنەی زمان و ئەکادیمیای کوردی، رێنوسی کوردی بەپێی بنەما زمانییەکانی رێنوس، ٢٠١٧

٦- رەفیق سابیر، بە ستاندارد کردنی زمان و ئەلفوبێی کوردی،٢٠١٤

٧- باخان ئەحمەد محمد، دروسنوسی زمانی کوردی، ٢٠٢٠

چاپدەدرێـن، بۆیـە وەزارەت لـە توانایـدا هەیـە چەنـد لێژنەیـەك بـۆ یەکخسـتنی نووسـینەکانی نـاو ئـەم پەڕتووکانـە رابسـپێرێت.

چوارەم/خاڵبەندیـی: نـەك هـەر تەنیـا دەقـی نـاو پەڕتووکەکانـی خوێنـدن، بەڵکـۆ هـەر دەقێکـی نـوسراو بـۆ ئـەوەی ئاسـان بـگات بـە گوێگـر، پێویسـتە بنەماکانـی نووسـین رەچاوبـکات، یەکێـك لـەو بنەمایانـەش بریتییـە لـە نیشـانەکانی خاڵبەندیـی. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش پێویسـتە گرنگییەکـی زۆر بـە بنەماکانـی خاڵبەندیـی بدرێـت، لـە نووسـینی نـاو کتێـب و پرۆگرامەکانـی خوێنـدن دا. چونکـە ( خاڵبەندیـی یەکێکـە لـە بنەمـا سـەرەکییەکانی پرۆگـرام، کـە دەبێـت بـە شـێوەیەکی دروسـت بەکاربهێنرێـت، بنەماکانـی هـەر لـە سـەرەتاوە بچەسـپێنرێت، چونکـە ئەکـی خاڵبەندیـی دروسـتکردنی پەیوەندییـە لـە نێـوان بیـر و لۆژیـك دا، ئەگـەر بـە دروسـتیی بەکارنەهێـنرا ئـەوا تـەم و مـژ و لێلّیـی واتایـی دێنێتـە ئاراوە.)(عبداللـە: ٢٠١٦: ٢١٣ ) لـە قسـەکردندا کۆمەڵێـك هـۆکار هـەن یارمەتییـدەرن بـۆ ئـەوەی پەیامـی نێـرەر باشـتر و روونـتر و خێراتـر بـگات بـە وەرگـر، وەك هێـز و ئـاواز و تـۆن و وەسـتان... تـد، ئەمانـە لـە کاتـی قسـەکردندا لـە هەمـوو زمانەکانـدا بونیـان هەیـە، (قسـەکەری هـەر زمانـێ لەکاتـی قسـەکردندا وشـە و رسـتەکانی خـۆی بـە رەوتێکـی ئاسـۆیی رێـك لـە زارەوە دەرناهێنـێ، بەڵکـو بـەردەوام لـە بەرزیـی و نزمیـی دا دەبـن... لـە زانسـتی زمـان دا بـۆ هـەر جـۆرە (هەڵـس) و (کەوتێـك) نیشـانەیەك دانـراوە، بەکاردەهێنرێـت لەکاتـی شـیکردنەوەی زمـان و دەرخسـتنی ئـەو لایەنانـەی لـە نووسـینی ئاساییدا پشـتگوێخراون، بـۆ نموونـە هەڵسـێکی لەپـڕ، کەوتێکـی لەسـەرخۆ، وەسـتانێکی زۆر کـورت، وەسـتانێکی تـەواو... هتـد) (ئەمیـن: ٢٠٠٢: ٢٦٤ ) ئـەم هەڵـس و کـەوت و وەسـتان و هێـز و ئاوازانـە لـە قسـەکردندا کێشـە دروسـتناکەن، چونکـە قسـەکەری هـەر زمانێـك بـە پێـی ئـەو یاسایانەی لـە کۆمەڵگەکـە فێربـووە رەچاویـان دەکات. بـەو پێیـەی کـە (نووسـین دیـوی دووەمـی قسـەکردنە و پەیوەندییەکـی پتـەوی لەگەڵیـدا هەیە.)(فتـاح: ٢٠١٠: ٤١ ) دەنگـەکان لـە رێگـەی ئەلفوبێـوە تۆماردەکرێـن و، هـەر دەنگێـك وێنـەی تایبەتـی خـۆی بـۆ دەستنیشـان دەکرێـت. هەرچـی وەسـتان و هێـز و ئـاواز و هەمـوو فۆنیمـە ناکەرتییەکانـی تـرن، لـە رێگـەی چەنـد نیشـانەیەکی خاڵبەندییـەوە رێکدەخرێـن. نیشـانەکانی خاڵبەندیـی هـۆکارن بـۆ روونیـی و رەوانیـی لـە نووسـین دا، ( هـەر ئێـك خـودان پەیامـەکا تایبەتـە، کـو ل دەمـێ خواندنـا تێکسـتێ ژ لایـێ خواندەڤانیڤـە دهێتـە وەرگرتن.)(محمـد و رەجـەب: ٢٠٢٠: ١٥٦ )

هـەر دەقێـك بەوردیـی رەچـاوی نیشـانەکانی خاڵبەندیـی کردبێـت، ئـەوا تێگەیشـتن لێـی ئاسانترە و پەیوەندیـی نێـوان بیـرە دەربـڕاوەکان روونـترە، چونکـە (خاڵبەندیـی کۆمەڵێـك ئەرکـی لـە نووسـین دا هەیـە، لـە هەموویـان گرنگـتر رێکخسـتنی پەیوەندیـی لۆژیکیـی بیرەکانە.)(حسـین: ٢٠١٥: ٣١٥) بـە پێچەوانـەوە بەهەڵـە بەکارهێنانـی هێماکانـی خاڵبەندیـی یـان بەکارنەهێنانیـان، جگـە لـە دروسـتکردنی تەمومژیـی، زۆر جـار واتـای پێچەوانـە دەگەیەنێـت، بۆیـە (ئەگـەر بـە هەڵـە بەکاربهێنرێـت، یـان زناکێـك لـە شـوێنێکی نادروسـتدا دابنرێـت، دەکرێـت بەتەواوەتیـی مانـای رسـتەکە بگۆڕێـت یـان پێچەوانـە بکاتـەوە، تەنانـەت رسـتەکەش بکاتـە شـتێکی بـێ مانـا.) (قارەمـان: ٢٠٢٠: ٦). بەکارهێنانـی بەهەڵـەی نیشـانەکانی خاڵبەندیـی لـە چەندیـن هەڵوێسـتدا کاریگەریـی لەسـەر بڕیـارەکان هەبـووە، نموونـەی لـەم شـێوەیە لـە مێـژوودا زۆرن.٣

٣ - دەگێڕنـەوە کاتـی خـۆی سـزار ئەلیکسـاندەری سـێیەم لـە فەرمانێکـدا بڕیـاری دوورخستنەوەی هەتـا مردنـی بـۆ پیاوێـك دەرکـرد بـوو گوتبـووی ( بەخشـین نەکردەیـە، بـۆ سـێبیریا دووری بخەنـەوە ) کەچـی سـیزارینا ماریـای ژنـی بـە گۆڕینـی شـوێنی فاریزەکـە لـە نووسـینەکەدا گیانـی ئـەو پیـاوەی لـە مـردن رزگارکردبـوو، کـە بـەم شـێوەیەی نوسـیبوو ( بەخشـین، نەکردەیـە بـۆ سـێبیریا دوری بخەنـەوە )( جوتبـار فارەمـان: ٢٠٢٠:٧ )
لەنـاو فارسـەکانیشـدا شـتێکی لـەم بابەتـە هەیـە، کاتێـك دادوەرێـك بڕیارێـك بـۆ سزادراوێك دەردەکات و دەنوسێت( بەخشـین پێویسـت نییـە، لـە سـێدارە بدرێـت ) ئـەوەی فەرمانەکـە دەنوسـێتەوە شـوێنی فاریزەکـە دەگۆڕێـت دەبێتـە ( بەخشـین، پێویسـت نییـە لـە سـێدارە بدرێـت ). ئەمـەش دەبێتـە هـۆی رزگارکردنـی تاوانبارەکـە. ( هەمـان سـەرچاوە: ٧ )

هەرچەندە خاڵبەندیی بە پێی سرووشتی زمانەکە دەگۆڕێت و، هەر زمانێك کۆمەڵێك هێمای خاڵبەندیی بە پێی سروشتی زمانەکە بەکاردەهێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هێماکان تا رادەیەکی زۆر هاوبەشن لە نێوان زمانەکان دا، بە تایبەت ئێستا کە سەردەمی تەکنەلۆجیا و پێشکەوتنە، هەوڵدەدرێت زۆربەی هەرە زۆری هێماکان و بەکارهێنانیان یەکبخرێن لە رێگەی تەختەکلیلی (کیبۆرد) کۆمپیوتەرەوە.

بنەمای خاڵبەندیی (بە شێوەیەکی گشتیی لە دوو بەشی سەرەکیی پێك دێت: یەکەمیان، بریتییە لە کۆمەڵێك هێمای دیار و بەرچاوی خاڵبەندیی وەك: خاڵ، فاریزە (وێرگولیی)، دووخاڵ، فاریزەوخاڵ،... تد. کە زۆرینەی خەڵك سەریان لێدەردەکەن و لێی تێدەگەن. دووەمیان، بریتییە لە کۆمەڵێك رێنمایی لێك جیاکردنەوەی یەکەکانی دەق وەك: پێرستبەندیی، پەرەگرافبەندیی، بەرجەستەکردن... تد. هەرچەندە بۆ ئەوەی دووەمیان هێمای تایبەت بەکارنایەت. بەڵام کۆمەڵێك رێنمایی هەن پەیڕەوکردنیان دەبێتە هۆکاری ئەوەی پەیامەکە روونتر بگات.)(محمد و رجب: ٢٠٢٠: ١٥٦)

## بەشی دووەم:

## ١/٢ پەڕتووکە سەرەتاییەکانی خوێندن لە باشووری کوردستان دا:

لە سەرەتای سەدەی بیستەم و بەتایبەتی دوای یەکەم جەنگی جیهانیی و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، زۆر هەوڵدرا لە پیناوی بەکوردییکردنی خوێندن لە باشووری کوردستان دا، دوای ئەوەی لە ئەنجامی هاتنەپیشەوەی هەر بارودۆخێکی سیاسیی و هەر داواکارییەکی رۆشنبیر و سەرکردە و ناودارەکانی کورد، بابەتی بەکوردییکردنی خوێندنیش هەنگاوێك بەرەو پێشەوە دەچوو، لەگەڵ ئەمەشدا هەوڵەکان بەردەوامبوون بۆ دەرکردن و دانان و چاپکردنی کتێبی قوتابخانەکان بە زمانی کوردیی، لەم بارەیەوە مێژوونووسان ئاماژە بە چەند کتێبێکی کوردیی دەکەن، وەکو یەکەمین کتێبی قوتابخانە، کە بە زمانی کوردیی دەرچووبێت. دکتۆر مارف خەزنەدار باس لە کتێبێکی کوردیی دەکات لە لایەن ئی. ب. سۆن، کە لەساڵی ١٩١٩ بەناوی (سەرەتای دەستوری زمانی کوردیی) لە بەغداد بڵاوکراوەتەوە. (خەزنەدار: ٢٠٠١: ٤٢). بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە سەبارەت بە یەکەمین پەڕتووکی خوێندن، سەرچاوەکان ئاماژە بە کتێبێکی تر دەکەن بە ناوی (اولەمین قرائەتی کوردی) کە لە لایەن (محمد زکی و محمد باشقە٤)ەوە نوسراوە. (کاکەسور: ٢٠٠٣: ٢٧) کتێبەکە لە ساڵی ١٩٢٠ لە چاپخانەی حکوومەت چاپکراوە. (سدیق: ٢٠١٩: ٢٥)، بەم پێیە دەتوانین بڵێین کتێبی (ئەوەلەمین قرائەتی کوردی) یەکەم کتێبی چاپکراوی فەرمیی قوتابخانەیە کە لە لاپەڕە ١ تا ١٧ ی تەرخانکراوە بۆپیتە کوردییەکان و دەنگی پیتەکان، هەروەها لە لاپەڕە ١٩دا رێنوێنی تێدایە بۆ مامۆستایان، لە لاپەڕە ٢٠ هوە چوار وانەی راهێنانە لەسەر نووسین و خوێندنەوەی کوردیی. (نەریمان: ١٩٨٦: ٨٧).

دوای ئەم بەروارە، پەیتاپەیتا دانان و وەرگێڕان و بەچاپگەیاندنی کتێبی کوردیی، هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پێشەوە دەچێت. پرۆسەی دانان و وەرگێڕان و چاپکردنی پەڕتووکە کوردییەکانی خوێندن، لە قۆناغی دوای دەرچوونی یەکەم کتێب تا ساڵی ١٩٥٨ لە چەند وێستگەیەکدا دەخەینەڕوو. ئەم قۆناغە بەگشتی

٤ - محمد باشقە لە ساڵی ١٨٩٠ لە بەغدا لەدایکبووە، قوتابخانەی ئەلیانسی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٢٠ بۆتە مامۆستای قوتابخانەی نموونەیی سەعادەت لە سلێمانی، رەفیق حیلمی لە زۆر شوێندا لە یاداشتەکانی خۆی بە باشە ناوی محمد باشقەی هێناوە. محمد باشقە ٣٨ ساڵ وەزیفەی حکوومەتی بینیوە، دوایین وەزیفەی بریتی بووە لە بەڕێوەبەری چاپەمەنیی لە وەزارەتی ناوەخۆ، لە ساڵی ١٩٥٨ خانەنشین کراوە، لە ١٩٨٠/٦/١ کۆچی دوایی کردووە، زمانەکانی ( کوردیی، عەرەبیی، تورکیی، فارسیی، فەڕەنسیی، ئینگلیزیی ) بە خوێندن و نووسین و قسەکردن زانیووە. ( ر. هاوکاری، ژ (٧٠٠ ) رۆژی ١٩٨٣/٨/١٨ )، ( مستەفا نەریمان: ١٩٨٦:٩٦ )

ساڵەکانی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیی و دوای دووەم جەنگی جیهانیی دەگرێتەوە، کە تیایدا جگە لەوەی یەکەمین کتێبی قوتابخانەکان بەچاپگەیەنرا، چەندین رووداوی تری گرنگ لە ئارادابوون، سەبارەت بە دانان و وەرگێڕانی پەڕتووکی خوێندن.

ساڵی ١٩٢٦ و دوو کتێبی کوردیی: سەبارەت بە خوێندنی کوردیی و دەرچوونی کتێبە کوردییەکان، ساڵی ١٩٢٦ بە مێژوویێکی گەشاوە دادەنریت، ئەمەش لەبەرئەوەی لەم ساڵەدا دوو کتێب بە زمانی کوردیی بەچاپگەیەنران و کەوتنە بەردەستی قوتابیانی کورد وەکو پرۆگرامی خوێندن، کتێبەکانیش بریتی بوون لە:

أ- کتێبی بابەتی مێژوو بەناوی (دروس التاریخ) بابەتەکانی ئەم کتێبە لە (٦٦) لاپەڕەدا خرابوونەڕوو. (سدیق: ٢٠١٩: ٢٦)

ب- لە هەمان ساڵدا کەسێك بەناوی احمد عزیز ئاغا، کتێبێکی ئەلفوبێی بەچاپگەیاندووە، لە دووتوێی (٤٢) لاپەڕەدا، سەرتاپا هەمووی بە کوردیی نوسراوە. (نەریمان: ١٩٨٦: ٨٧)

هەرچەندە لەم قۆناغەدا و پێش دەرچوونی ئەم دوو کتێبەی سەرەوە، دکتۆر محمد کاکەسور، ئاماژە بە کتێبێکی تر دەکات کە لە ساڵی ١٩٢٢ چاپکراوە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە هیچ ئاماژەی بەناوی کتێبەکە نەکردووە، تەنیا زانیاری لەبارەی ناوەڕۆکی کتێبەکە خستۆتەڕوو، دەڵێت هێچ پەیوەندی بە ناسیونالیزمی عەرەبییەوە نییە، کە ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی ئەم کتێبە لە عەرەبییەوە وەرنەگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردیی، بەڵکوو دانەرەکەی هەر بە کوردیی داینـاوە، هەروەها دیار نییە کە کتێبەکە بۆ چ پۆلێك یان قۆناغێکی خوێندن دانراوە. (کاکەسور: ٢٠٠٣: ٦٦)

٢/٢ ناوی هەندێك لە کتێب و دانەرەکانیان لەم قۆناغەدا:

١- سەید فەتاح بەرزنجیی و سەید نوری بەرزنجیی لە ساڵی ١٩٢٧ کتێبی خوێندنەوە بۆ پۆلی دووەم و سێیەم و چوارەم، مێژوو بۆ پۆلی سێیەم، حساب بۆ پۆلی چوارەم و مەعلوماتی دین بۆ پۆلی پینجەم ئامادەدەکەن. (نەریمان: ١٩٨٦: ٨٨-٨٩).

٢- لە ساڵی ١٩٢٧دا کتێبی (مختصر صرف و نحوی کودری) لە لایەن سعید صدقی کابانەوە، بۆ پۆلی پێنجەم دانرا. (نەریمان: ١٩٨٦: ٨٨)

٣- لە ساڵی ١٩٢٨ لە لایەن (عبدالله عزیز)هوە کتێبی (ئەشیا) بۆ پۆلی چوارەم و پێنجەمی سەرەتایی دانراوە. دوای ئەم مێژووە لە ساڵی ١٩٢٩ رەفیق حیلمی، کتێبی جوگرافیا بۆ پۆلی چوارەمی سەرەتایی دەکاتە کوردیی. (هەمان سەرچاوە: ٢٦)

٤- لە ساڵی ١٩٢٩ (عبدالواحد نوری)، کتێبی ئەشیای بۆ پۆلی چوارەمی سەرەتایی کردووە بە کوردیی، لە هەمان ساڵدا لەلایەن ئەحمەد بەهجەتەوە، هەندەسە بۆ پۆلی چوارەم دانرا (نەریمان: ١٩٨٦: ٩٠)

٥- ئەوەی جێگای سەرنجە، هەر لە ساڵی ١٩٢٩دا کتێبێکی جوگرافیا کراوە بە کوردیی، کە خۆی لە (١٤٣) لاپەڕەدا دەبینێتەوە و بابەتەکانی بریتین لە زانیاریی گرنگ دەربارەی جوگرافیای کیشوەرەکان، هەروەها باس لە بوونی نەوت دەکات لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی لە خانەقین و کەرکوك دا. (کاکەسور: ٢٠٠٣: ٨٧-٨٨)

بەم شێوەیە لە بیستەکانی سەدەی رابردوو کۆمەڵێك کتێبی قوتابخانەکان بە زمانی کوردیی چاپکران، کە ژمارەیان گەیشتە نزیکەی (٢٨) ٥ کتێب. زمانی نووسینی کتێبەکان پڕبوون لە وشەی عەرەبیی، رێنووسی

٥ - ئەوەی جێگای تێبینییە ئەوەیە کە مستەفا نەریمان بۆ ساڵانی بیستەکان ئاماژە بە بوونی تەنیا ( ١٥ ) **پەڕتووکی خوێندن** دەکات، بەڵام هەر خۆی لە هەمان بابەتدا دەڵێت: لە ساڵی بیستەکاندا ( ٢٨ ) کتێب بە چاپگەیێنراوە.

کتێبـەکان هیـچ نیشـانەیەکی لەسـەر و ژێـری پیتـەکان نەبـوو، نـە سـەر و بـۆر دانرابـوو، نـە پیتیـش بـۆ سـەر و بـۆرەکان بەکارهێنرابــوو. (سـدیق: ٢٠١٩: ٢٦)

بـەم شـێوەیە دوای سـاڵانی سـییەکان، وێسـتگەیەکی تـر دیتـە پێشـەوە، سـەبارەت بـە خوێنـدنـی کوردیـی و بـە کوردییکردنـی پرۆگرامـەکان، کـە ئەویـش بریتییـە لـە دەیـەی سـێیەمی سـەدەی رابـردوو، کـە تیایـدا چەندیـن کتێـب لـە بـواری تایبەتمەندیـی جیـاواز بـۆ قوتابیـان بـە چاپگەیەنـران، لـە خـوارەوە ئامـاژە بـە هەندێکیـان دەکەیـن:

لـە سـاڵی ١٩٣٠ کتێبێکـی بابەتـی مێـژوو وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمانـی کوردیـی. ئـەم کتێبـە پێرسـتێکی هەیـە و لـە (٨٨) لاپـەڕە پێکهاتـووە، لـە چاپخانـەی (نجـاح) لـە بەغـداد چاپکـراوە بـە مـۆری وەزارەتـی معاریفـی عێراقـی. ئـەم کتێبـە لـە لایـەن (سـعید سـدقی و سـەید نـوری بەرزنجیـی و سـەید فەتـاح بەرزنجیـی) وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمانـی کوردیـی. زمانـی کتێبەکـە بریتییـە لـە کوردییەکـی پـڕ لـە وشـەی بێگانـە بەتایبەتـی عەرەبـی. هەروەهـا ناونیشـانی سـەر بەرگـی کتێبەکـە بریتییـە لـە (دروس التاريخ بـە لغتـی کـوردی). (بیمـار: ٢٠٠١: ١٢-١٣)

لـە سـاڵی ١٩٣٦ چاپـی دووەمـی کتێبـی (جوگرافیـای عێـراق)، لـە لایـەن (تەهـا هاشـمیی) دەرچـوو، لەگـەڵ کتێبـی (سـەرەتای عیلمـی ژمـارە)ی رەفیـق حیلمـی بەزمانـی کوردیـی. (کاکەسـور: ٢٠٠٣: ١٢٢-١٢٣). هـەر لـەم سـاڵەدا مامۆسـتا (حامـد فـرج) ئەلفوبێیەکـی دانـاوە و بـە چاپیگەیانـدووە (نەریـمان: ١٩٨٦: ٨٩)

کتێبـی سـەرەتای جوگرافیـا بـۆ پۆلـی سـێیەم و ئەشـیا و مەبـادی طبیعیـات لەلایـەن وەرگێـڕ (ڕەشـید نەجیـب)، لـە سـاڵی ١٩٣٨ بـە چاپگەیەنـران. (نەریـمان: ١٩٨٨: ٢٨٢-٢٩١)

ئـەوەی جێـگای سـەرنجە لـەم وێسـتگەیەی کتێبـی قوتابخانـەکان لـە باشـووری کوردسـتاندا، بـە هەمـان شـێوەی پێشـوو کتێبـەکان بـە زمانێـك نوسراونەتـەوە، کـە پڕییەتـی لـە وشـەی بێگانـە. لـەم وێسـگەیەدا نزیکـەی (١٥١) کتێبـی فەرمیـی قوتابخانـەکان چاپکـراوە. (سـدیق: ٢٠١٩: ٢٦)

لـە کۆتاییەکانـی دەیـەی سـییەکاندا، جەنگـی جیهانیـی دەسـتپێدەکات و تـا نیـوەی دەیـەی چلـەکان دەخایەنێـت. بۆیـە دەبێـت تێبینـی ئـەوە بکەیـن، کـە لـە وێسـتگەی چلەکانـی سـەدەی رابـردوودا، سـەبارەت بـە دەرچوونـی پەڕتووکـی خوێنـدن بـە زمانـی کوردیـی، سسـتییەك هەسـتی پێدەکرێـت. نـاوی هەندێـك لـەو کتێبانـەی کـە لـە چلـەکان و پەنجاکانـی سـەدەی رابـردوو بـە چاپگەیەنـران:

١- کتێبێـك بەنـاوی (نصیحـە بـۆ منـداڵان) بـۆ پۆلـی چوارەمـی سـەرەتایی لەلایـەن (عبدالواحـد نـوری) یـەوە لـە سـاڵی ١٩٤١ دانراوە.(کاکەسـور: ٢٠٠٣: ١٩٤)

٢- هـەر لـە سـاڵانی چلەکانـدا نـاوی چەنـد کتێبێکـی تـر لـە لایـەن سـەرچاوەیەکەوە تۆمارکـراون، کـە لـە وسـەردەمە دا بەچاپگەیەنـراوون و کەوتوونەتـە بەردەسـتی قوتابیـان وەك پرۆگرامـی خوێنـدنـی فەرمیـی. لەوانـە:

ئاییـن و رووناککردنـەوەی بیروهـۆش، بـۆ پۆلـی پێنجەمـی سـەرەتایی، لەلایـەن (فایـەق بێکـەس) هوە لـە سـاڵی ١٩٤٦ وەرگێـڕدراوە.

کتێبـی مێـژووی ئێسـتای وڵات و نەتەوەکـەت، بـۆ پۆلـی شەشـەمی سـەرەتایی، لەگـەڵ مێـژووی وڵات و میللەتەکـەت بـۆ پۆلـی چـوارەم لەلایـەن (ڕەشـید نەجیـب) لەسـاڵی ١٩٤٨، وەرگێـڕدراوە و بەچاپگەیەنـراوە. کتێبێکـی تـر بەنـاوی (جوگرافیـای ئیپتیدائـی تـازە) بـۆ پۆلـی پێنجـەم، لەلایـەن موسـا سـەمەد لەسـاڵی ١٩٤٩ وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمانـی کوردیـی و چاپکـراوە. (نەریـمان: ١٩٨٨: ٢٨٣-٢٩٠)

هەروەهـا لەسـاڵانی پەنجاکانیشـدا کۆمەڵێـك کتێبـی قوتابخانـەکان بەچاپگەیەنـراون، لـەم وێسـتگەیەدا ئـەوەی

گرنگە و مایەی تێبینییە کتێبی ئەلفوبێیەکەی مامۆستا (محمد ئەمین باڵدار) ھ، کە لە ساڵی ١٩٥١ بەچاپ گەیەنراوە. (سدیق: ٢٠١٩: ٢٧)

هەروەها لە ساڵی ١٩٥٣دا، کتێبێك بەناوی (سەرەتای جوگرافیا) بۆ پۆلی شەشەمی سەرەتایی، لە لایەن (نعمة اللە) وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردیی. (کاکەسور: ٢٠٠٣: ١٢٥)

## بەشی سێیەم: چەند تێبینییەک لەسەر پەڕتووکەکانی ئەم قۆناغە:

سەرەتا: وەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد، پەڕتووك یەکێکە لە توخمە هەرە گرنك و بنەڕەتییەکانی خوێندن. ئەو کتێبانەی کە لەلایەن خوێندەوار و رۆشنبیرانی کورد ئامادەکرابوون، بۆ ئەم قۆناغە سەرەتایە، بە زمانێك نوسرابوونە کە تازە لە ئەزموونی سەرەتایی خوێدابوو، بۆیە کۆمەڵێك پرسیار دێنە پێشەوە، کە مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنن، لەوانە: ئایا پەڕتووکە سەرەتاییەکانی خوێندنی کوردیی، بەپێی مەرجەکانی دانانی پەڕتووکی خوێندن دانراون؟ هەروەها تا چەند پەیڕەوی ئەو بنەما زانستییانەیان کردووە، کە پێویستە لە زمانی نووسینەوەی پەڕتووکی خوێندندا هەبێت؟ئایا زمانی پەڕتووکەکان یاسا و رێساکانی زمانی کوردییان لەڕووی رێزمانەوە جێبەجێکردووە؟ ئەم بەشەی ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات لە چوارچێوەی چەند تێبینێێکدا وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە.

دیارە مەبەستمان لەم قۆناغە بریتییە لە ماوەی نێوان ساڵی ١٩٢٠ – ١٩٥٨، کە ناومان ناوە قۆناغی سەرەتاکانی بەکوردییکردنی خوێندن تا دەگاتە شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨.

١- هەموو ئەو کتێبانەی کە بە پێی سەرچاوەکان خستمانەڕوو، تەرخانکرابوون بۆ قۆناغی سەرەتایی، هەرچەندە بەپێی داواکارییەکانی خەڵك و رۆشنبیرانی کورد لەلایەك، بەند و بڕیارەکانی یاسای زمانە ناوچەییەکان لەلایەکی تر، بڕیار لەسەر ئەوە دراوە، کە زمانی کوردیی ببێت بە زمانی خوێندن لەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتوانەکانی کوردن. بەڵام دیارە نووسەر و دانەری کتێبەکان، زیاتر گرنگیان بە قۆناغی سەرەتایی داوە، وەکو لۆژیکیش هەر بەم شێوەیە دەبێت، کە هەموو شتێکی تازە، یەکەم جار لە قۆناغە سەرەتاییەکانەوە دەستپێدەکات، دواتر پەیتاپەیتا هەموو قۆناغەکانی تر دەگرێتەوە.

٢- کتێبەکانی ئەلفوبێ و هەندێك کتێبی وەك (صرف و نحو) ی لێدەرچێت، ئەوانی تر هەموویان وەرگێڕدراو بوون[٦]، چونکە لەو قۆناغەدا (پرۆگرامەکانی خوێندن لە هەموو ناوچەکانی عیراقدا وەکیەك بوون، بەبێ رەچاوکردنی جیاوازی ژینگە و زمان، یەکسەر کتێبەکان لە زمانی عەرەبییەوە وەردەگێڕدرانە سەر زمانی کوردی، بە هەموو کێشەکانییەوە، واتە بە هیچ شێوەیەك ژینگە و دەوروبەری منداڵی کورد و زمانەکەی لەبەرچاو نەگیرابوو، لەلایەکی تریشەوە پرۆگرامێکی تایبەت بە خوێندنی زمانی کوردیی و... نەبوو.)(سدیق: ٢٠١٩: ٥٩)

٣- لایەنی دانانی پەڕتووکەکان: لەم قۆناغەدا دانان و وەرگێڕانی پەڕتووکەکانی خوێندن، هەمووی لە رێگەی هەوڵی تاکە کەسییەوە بوون. خوێندەوار و رۆشنبیرانی کورد لە سۆنگەی دڵسۆزی خۆیانەوە بۆ خەمی گۆمەڵگا، ئەم کارانەیان ئەنجامداوە، (بەپێی نەخشە و بەرنامەیەکی دەستنیشانکراو نیشان نەکرابوون، هەر نووسەرێك کتێبێکی هەڵدەبژارد، پاش وەرگێڕان، وەزارەت دەیدا بە چەند شارەزایەک، ئەگەر پەسندکرا، ئەوا چاپدەکرا و ٥٠٠ روپییەی دەدرایە.)(نەریمان: ١٩٨٦: ٩١)

---

٦ - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە بەرگی پەڕتووکەکان لە وێنەی ژمارە ( ٢، ٣، ٤ ) کە لە پاشکۆی ئەم لێکۆڵینەوەیە دانراون.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کتێبەکان بەپێی بنەما زانستییەکانی دانانانی پەڕتووکی خوێندن دانەنراون، چونکە زۆربەی هەرە زۆری پەڕتووکاکان بە لێژنە دانەنراون. جگە لەمەش دانەری کتیبەکان بە فەرمیی لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە ڕانەسپێردراون[7] و نەخراونەتە ناو پرۆسەی کێبڕکێوە، ئەمەش بە سەرنجدان لە بەرگی پەڕتووکەکان پشتڕاست دەبێتەوە.[8]

٤- زمانی نووسینی کتێبەکان بریتییە لە دیالێکتی کوردیی ناوەڕاست، لەگەڵ بەکارهێنانی وشە و زاراوە لە دیالێکتەکانی تری زمانی کوردیی دا، لەگەڵ بەکارهێنانی وشەی شێوەزارە ناوچەییەکان.

٥- زمانی کتێبەکان: زۆربەی هەرە زۆری پەڕتووکەکانی خوێندن لەم قۆناغەدا بە زمانێك نوسراونەتەوە، کە پڕیەتی لە وشەی بێگانە، بەتایبەتی عەرەبیی، ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەم نەریتە درێژەپێدەری ئەو زمانەیە، کە ڕۆشنبیرانی حوجرە لە سەردەمی میرنشینی بابان پێیاندەنووسی. بەکارهێنانی وشەی بێگانە (تورکیی، عەرەبیی، فارسیی) بەم ڕیژە زۆرە بۆ ئەو ڕۆژگارە بە کەموکووڕی دانەدەنرا، بەڵکو جێگای شانازی و بەهێزی بوو. بۆیە نووسەری کتێبەکان زۆر گرنگییان بەم لایەنە نەداوە، بۆنموونە لە دقێکی ناو پەڕتووکی (درس اشیا ) بە ناونیشانی (قورسایی و پاڵەپستوی هەوا)دا، جگە لە دووبارە بوونەوەی هەندێکیان، نزیکەی (١٥) وشەی عەرەبییان بەکارهێناوە. وەك وشەکانی ( قورسایی، جسمیکە، اشغال، تأسیریکی، سائلو، جامدیك، ممکنە، یعنی، اما، نوعە، لازمە،اصولە، زەحمەتە، داخل، لەحقیقتدا ).[9]

٦- لایەنێکی گرنگی زمانی نووسین بەگشتیی و زمانی پەڕتووکی خوێندن بریتییە لە ڕێزمانی زمانەکە. کە پەیوەندیی بە یاساکانی زمانەوە هەیە. زمانی پەڕتووکە سەرەتاییەکانی خوێندن لە باشووری کوردستان دا لەرووی ریزمانەوە کەموکووڕی تێدا بەدیدەکرێت، لە هەندێك شوێندا پێشێلی یاسا گشتییەکانی زمانی کوردییان کردوە. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو کاتە زمانی کوردیی بەم شێوەیە خزمەت نەکرابوو. لەهەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجیی و سینتاکس دا ئەم تێبینیانەی خوارەوە بەدیدەکرێن:

أ- مۆرفۆلۆجیی: ئەوەی پەیوندیی بە ئاستی مۆرفۆلۆجییەوە هەیە بریتییە لە بەکارهێنانی شێوەی جیاواز بۆ مۆرفیم و وشە و زاراوەکان. بەم شێوەیە:

- مۆرفیمی بەردەوامی (دە): پەڕتووکەکان لە ئاستی بەکاهێنانی ئەم مۆرفیمە جیاوازییان هەیە، هەندێکیان لە زۆر شوێن فۆرمی (دە) یان بەکارهێناوە، وەك( دەبینین، دەژین،...تد).[10] هەروەها هەندیکی تر، بۆ نموونە پەڕتووکی (سەرەتای جوگرافیا) لە هەموو شوێنەکاندا، فۆرمی (ئە) ی بۆ ئەم مۆرفیمە بەکاهێناوە، وەك(ئەبێ، ئەکەین، دائەنیشین،...تد).[11] جاری واش هەیە لە یەك پەڕتووکدا هەردوو شێوە بەکارهاتوون.

- پاشبەندی (دا) و (ا): پەڕتووکەکان هەردوو فۆرمی ئەم پاشبەندەیان بەکارهێناوە. هۆکارەکەش بریتییە لە کاریگەری شێوەزاری ناوچەیی.

لە بەینی هاوین و زستاندا - بەڵام لە زستانا

---

٧ - ژمارەیەکی کەم لە پەڕتووکەکان لەلایەن دوو یان سێ کەس دانراون ،هەروەها لە لایەن دامەزراوە پەروەردەییەکان ڕانەسپێردراون،بەڵکو وەزارەتی معارف تەنیا ئەکی چاپکردنەکەی لە ئەستۆ گرتوە.

٨ - بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە بەرگی پەڕتووکەکانی ( درس اشیا، ١٩٢٨ – تاریخ،١٩٢٨ – معلوماتی دینی، ١٩٣٢ – عیلمی ژمارە، ١٩٣٦ .) لە وێنەکانی (٢، ٣، ٤ )، لە پاشکۆی لێکۆڵینەوە.

٩ - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە وێنەی ژمارە (١ )، کە لە پاشکۆی ئەم لێکۆڵینەوەیە دانراوە.

١٠ - دەرس اشیا، ١٩٢٨.

١١ - سەرەتای جوگرافیا، ١٩٣٨.

- مورفیمی (و): ئەم مۆرفیمە لە کوردیی دا، بۆ بەستنەوەی دوو رستە بەکاردێت، پەڕتووکەکان هەردوو فۆڕمی ( و، وە ) یان لە یەك کاتدا بەکارهێناوە بۆ ئەم مۆرفیمە. وەك:

((١- لە دینی اسلام دا ئەی دوزینەوە. وە ئەو شتە چاك... ٢- خداوەندی عالم لەسەر بعضی پی غەمبەران (صحف) و لەسەر هندیك یان کتابی نازل کرد. ))١٢ هۆکاری ئەم بارە بۆ کاریگەربوون بە زمانی عەرەبیی دەگەڕێتەوە.

ب- سینتاکس: هەر زمانێك کۆمەڵێك یاسای سینتاکسی تایبەتیی خۆی هەیە، کە جیاوازە لە هینی زمانەکانی تر. ئەمە بۆ زمانی کوردییش راستە، کە کۆمەڵێك یاسای سینتاکسی تایبەتیی خۆی هەیە. یاساکانیش وەك:

- ریزبوونی کەرستە: زمانی کوردیی لە ریزبوونی کەرستەدا، پەیڕەوی سیستمی (sov) دەکات. ئەم سیستمە لە نووسینی ناو پەڕتووکەکانی خوێندن دا پێشێلکراوە. وەك:

((عراق دەژمێردرێ بەییکەمین ولاتی رووی زەمین لە تجارەتکردنی خورما))١٣

- رێککەوتن: لە پەڕتووکە سەرەتییەکانی خوێندن، دیاردەی هەڵەکردن لە رێککەوتنی کەس و ژمارەی کەرستەکاندا بەدییدەکرێت. وەك:

((ئەم شاخانە لای سەرو و روژهەلاتی کوردستان کەوتوە )).١٤کەوتوون.

٦- لایەنی خاڵبەندیی: ئەوەی سەبارەت بە خاڵبەندیی تێبینیدەکرێت، ئەوەیە، کە بە وردیی پەڕتووکەکان بنەماکانی خاڵبەندییان پەیڕەونەکردووە. تاڕادەیەك لە هەندێکیاندا فاریزە و خاڵ و جووتخاڵ و نیشانەی پرسیار بەکارهاتووە. بەڵام لە هەندێکیاندا لە یەك پەرەگرافدا، هیچ نیشانەیەکی خاڵبەندیی نابینرێ. وەك:

((بو مسلمانان نویژ قوتی بدنە بوهیزی وجود زور بە کە لك دی لە بەرئەمەی کە خواو بی غەمبەر بی خوش بی من زور حەر لە تمیزی و نویژ ئەکەم من روژی پینج فرضە نویژئە کەم و انشاء اللە خوالی مراضی یی.))١٥. ئەوەی شایانی ئاماژەپێکرنە ئەوەیە لە هەندێك لە پەڕتووکەکان نیشانەی پرسیار بە هەڵگەراوەیی نوسراوە.

٧- لایەنی رێنووس: سەبارەت بە رێنووسی پەڕتووکەکان، ئەوەی تێبینیدەکرێت بریتییە لە نووسین بە شێوەی جیاواز، بەواتای ئەوەی هەمان وشە بە هەمان واتا، بەڵام بە فۆڕمی جیاواز نوسراون. وەك:

- بزوێنی کورت (ـە ): لە هەموو ئەو وشانەی کە عەرەبیین، بزوێنی کورت بەکارنەهاتووە. لە هەمان کاتدا، وشەکان سەر و بۆریان بۆ دانەنراوە. وەك وشەکانی:( محسوسات، وظیفة، معنویات، خریطة... تد)١٦. ئەوی جێگای سەرنجە ئەوەیە، کە لەو قۆناغەدا زمانی کوردیی وێنەی بۆ بزوێنی کورت داناوە و لە نووسینەکانیشدا بەکارهاتووە. چونکە هەر لە نووسینی ناو ئەم پەڕتووکانەدا، بزوێنی کورت وێنەی تایبەتی خۆی هەیە و بەکارهاتووە. وەك:

تەماشایکی دەورو پشتی خوتان بکەن١٧

---

١٢ - معلوماتی دینی، ١٩٣٢، لا٧ و لا٩.

١٣ - سەرەتایەك لە جغرافیای تازە، ١٩٤٣، لا١١

١٤ - سەرەتایەك لە جغرافیای تازە، ١٩٤٢، لا٤

١٥ - معلوماتی دینی ١٩٢٣،لا١٤

١٦ - هەموو ئەو نموونانەی کە لە پەڕتووکەکانی ئەو سەردەمە وەرگیراون، وەکو خۆی بە رێنوسی خویان نوسراونەتەوە. هەروەها لاپەڕەی نموونەکان و ناوی کتێبەکانیش لە پەراوێز ئاماژەی پێکراوە.

١٧ - درس اشیا، ١٩٢٨،لا٥

- ( و )، ( وو ): ئـەم فۆنیمـە، شـێوەی نووسـینەکەی بـە هـەردوو شـێوەی یـەك «واو» و دوو «واو» نـووسراوە لـە هەمـان وشـەدا، وەك: (دو، دوو)١٨

- خاڵێکـی تـر کـە مایـەی تێبینیکردنـە ئەوەیـە کـە لـەو قۆناغـەدا ڕێنووسـی کوردیـی (حـەوت) ی بـۆ پیتەکانـی (ۆ - ر – ڵ ) بەکارنەهێنـاوە. وەك ( بـەلام – بەڵام...تـد).

بۆ نموونـە لـە کتێبـی (سـەرەتای جغرافیا)دا، سـەبارەت بـە جۆراوجـۆری لـە نووسـیندا، نموونـەی زۆر بەدیدەکرێـت. لەوانـە: (أگـر- ئەگـەر، جـون- چـۆن، تاریگ-تاریـك، أم-ئـەم، جە-چـە(چ)، بجوك-بچـوك، دو- دوو).

## ئەنجامەکان:

١- سـاڵی ١٩٢٦ بـە پنتێکـی دیـار و گەشـاوە دادەنرێـت، وێسـتگەیەکی گرنگـە لـە بـارەی سـەرەتاکانی بەکوردییکردنـی خوێنـدن لـە باشـووری کوردسـتان دا. چونکـە لـەم سـاڵەدا دوو پەڕتووکی خوێنـدن دەرچوون.

٢- زمانـی نووسـینەوەی هەمـوو پەڕتووکـەکان لـەم قۆناغـەدا، بریتیبـوون لـە دیالێکتـی کرمانجـی ناوەڕاسـت، لەگـەڵ دەوڵەمەندکردنـی بـە وشـە و زاراوەی دیالێکتەکانـی تـری زمانـی کوردیـی.

٣- کتێبـی قوتابخانـەکان لـە سـەرەتاکانی بەکوردییکردنـی خوێنـدن دا لـە ڕێگـەی هەوڵـی تاکـە کەسـی بـووە، خوێنـدەوار و ڕۆشـنبیرە کـوردەکان لـەو سـەردەمەدا لـە سـۆنگەی دڵسـۆزییان بـۆ کۆمەڵگـە ئـەم کارەیـان بەجێهێنـاوە، بەبـێ ئـەوەی چاوەڕوانـی پاداشـت بکـەن. ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنـێ، کـە پەڕتووکـەکان بەپێـی بنەمایەکـی زانسـتیی ئامادەنەکـراون و لەلایـەن لێژنـەی تایبەتمەنـدەوە پێداچونەوەیـان بـۆ نەکـراوە. جگـە لەمـەش هەندێکیـان هـەر لەسـەر ئەرکـی خاوەنەکانیـان بـە چـاپ گەیەنـراون، ئەمـەش بـە سـەرنجدان لـە بەرگـی پەڕتووکـەکان  ڕووندەبێتـەوە.

٤- لـەم قۆناغـەدا هەمـوو ئـەو کتێبانـەی وەك پرۆگرامـی خوێنـدن دانـراون یـان چاپکـراون، تایبـەت بـوون بـە قۆناغـی خوێندنـی سـەرەتایی.

٥- کتێبـەکان لـەڕووی زمانـەوە، بەزۆریـی وشـە و زاراوەی بیانییـان تێـدا بەکارهاتـووە، بەتایبەتـی وشـە و زاراوەی عەرەبیـی. جگـە لەمـەش زمانـی نووسـینەوەی پەڕتووکـەکان، لـەڕووی ڕێزمانـەوە لـە هـەردوو ئاسـتی مۆرفۆلۆژیـی و سـینتاکس دا، لـە زۆر شـوێندا لـە بنەمـا و یاسـاکانی کوردیـی لایانـداوە. هەروەهـا پەڕتووکـەکان بەزمانێـك نوسراونەتـەوە کەمتـر لـە زمانـی نووسـینەوەی زانسـت نزیکـە، لـەڕووی زاراوە و بەکارهێنانـی زاراوەی زانسـتیی ...تـد. هەروەهـا زمانـی پەڕتووکـەکان لـەڕووی ڕێنـووس و خاڵبەندییـەوە کەموکـووڕی زۆری تێـدا هەیـە.

---

١٨ - سەرەتای جغرافیا، ١٩٣٨،ل٢٢

# الكتب الدراسية الأولية في جنوب كردستان ولغتها


## الملخص

بعد إندلاع الحرب العالمية الأولى عانت القومية الكردية من الانقسامات على الدول المجاورة ، ومنذ البداية سعت الدول إلى قمع الشعب الكردي، وبالأخص لغتها ذلك أنها أصبحت ممنوعة التداول في غالبية المجالات، وبالأخص مجال التربية والتعليم، مما دفع المثقفون الأكراد لبذل جهودا حثيثة في تكريد الدراسة في جنوب كردستان، وبدأت آلية التكريد في أوائل العشرينات من القرن الماضي بصورة تدريجية ومرت بمراحل عدة، هذه الدراسة تركز على آليات وطرق وضع الكتاب الدراسي الكردي حسب الأسس التربوية، مع الوقوف على سلبيات ونقاط ضعف هذه الطرق، وكذلك تحديد بدايات تكريد الدراسة عبر مراحلها، مع بيان أساليب وضع الكتب الدراسية الكردية الأولية، ومن ثم حاولنا تحليل نماذج مأخوذة من هذه الكتب.



الكلمات المفاتيح: تكريد الدراسة، الكتاب الدراسي، اللغة العلمية للكتابة، المصطلح العلمي، التقييم.


# Primary Textbooks in the North of Kurdistan and The Language of the Textbooks


## Abstract

Because, after First World War, Kurdish home was distributed among surrounding countries, there was an attempt to annihilate them. They started from language as it was prohibited in most of the fields such as Education and Teaching. So, as a reaction, there have been a lot of tries by intellectuals to make the Kurdish language a medium of instruction in the south of Kurdistan.

At first, in the second decade of the last century, the effort was very slow, and it passed through some stages. This study is devoted to this subject, and it tries to state the methods of setting the textbooks according to the educational elements. It also shows the positive aspects and weaknesses of the methods. The first stages of studying are gradually determined, with the quality and method of setting the primary textbooks in detail. Later, some texts of the primary textbooks are analyzed.



Keywords: Kurdization, Textbooks, Language of writing Science, scientific dialects, Assessment.


## لیستی سەرچاوەکان:


حەسەن پور. ئەمیر (٢٠١٥)، سەدەیەك خەبات لە پێناوی زمانی کوردیدا، بنکەی ژین.

محمد. باخان احمد (٢٠٢٠)، دروستنوسی زمانی کوردی، چاپی دووەم، سەنتەری کوردۆلۆجی.

حبیب. بەدران احمد (٢٠٠٥)، رێنووسی یەکگرتوی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی دووەم، هەولێر.

سابیر. رەفیق (٢٠١٤)، بە ستانداردکردنی زمان و ئەلف وبێی کوردی، چاپخانەی تاران، چاپی دووەم.

سدیق. سنور صباح (٢٠١٩)، خوێندنی فەرمی لە شاری هەولێر (١٩٥٨- ١٩٨٠)، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

حسین. شیلان عمر (٢٠١٦)، بنەما پەروەردەییەکان لە پرۆگرامی خوێندنی کوردیدا، ئێستای پرۆگرامەکان و تێڕوانینیان بۆ داهاتو، توێژینەوەکانی یەکەمین کۆنفرانسی پرۆگرامەکان هەولێر. تشریتی دووەم ٢٠١٦.

حسەین. شیلان عمر (٢٠١٥)، هەڵسەنگاندنی دروستەی کۆزانیاری پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی بنەڕەتی خوێندنی کوردی وەك نموونە، گۆڤاری زانکۆی راپەڕین، ژمارە ( )

بیمار. عبدالرزاق (٢٠٠١)، ئەم کتێبە، گۆڤاری رەنگین، ژمارە (١٥٥)، ١٤ی کانونی یەکەم (٢٠٠١).

پەتی. عمر ابراهیم عزیز و باجەلانی. فتطمة رشید حسن باجەلانی (٢٠١٦)، هەڵسەنگاندنی پەرتوکی خوێندنی کوردی پۆلی یەکەم و بەراوردکردنی لەڕووی شێوە و ناوەرۆك بە پەڕتووکی (ئەلف و بێ نۆی) ی ئیبراهیم باڵدار، ئێستای پرۆگرامەکان و تێڕوانینیان بۆ داهاتو، توێژینەوەکانی یەکەمین کۆنفرانسی پرۆگرامەکان هەولێر. تشریتی دووەم ٢٠١٦.

عارف. کارزان محمد و ئازاد. کوردستان محمد (٢٠١٨)، هەڵسەنگاندنی پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پۆلی نۆی بنەڕەتی لە دیدی مامۆستایانەو، گۆڤاری توێژەر، بەرگی (١)، ژمارە (٢)، پایزی (٢٠١٨).

لێژنەی زمان لە ئەکادیمیای کوردی (٢٠١٧)، رێنووسی کوردی بەپێی بنەما زانستییەکانی رێنووس، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٣٧)، (٢٠١٧).

خەزنەدار. مارف (٢٠٠١)، مێژووی ئەدەبی کوردی - بەرگی یەکەم لە سەرەتاوە تا سەدەی چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر.

کاکەسور. محمد عبداللە (٢٠٠٣)، گەشەکردنی خوێندنی فەرمی لە لیواکانی کوردستانی عیراقدا (١٩٢١-١٩٥٣)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب.

فتاح. محمد معروف (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانییەکان، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، چاپی یەکەم، هەولێر.

قارەمان. جوتیار (٢٠٢٠)، خاڵبەندی بەکارهێنانی رێساکانی لە نووسیندا، ناوەندی رەها بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم (٢٠٢٠).

محمد. سلێمان هشیار و رەجەب. سلێمان اسماعیل (٢٠٢٠)، شرۆڤەکرن و چارەسەریا شاشیێن خاڵبەندیێ و رینڤیسێ د زمانێ راگەهاندنێدا ( رۆژناما ئەڤرو وەك نموونە )، گۆڤارا زانکۆیا دهوك، پەرپەندا (٢٣)، ژمارە(٢) (زانستێن مرۆڤایەتی و کۆمەڵناسی ).

محوی. محمدی و معروف. عبدالجبار مستەفا (٢٠١٦)، خوێندنی کوردی لە چێوەی بەڵگەنامەی پرۆگرامدا، توێژینەوەکانی یەکەمین کۆنفرانسی پرۆگرامەکان هەولێر. تشریتی دووەم ٢٠١٦.

محمد. مسعود (٢٠١١)، هەندێ بابەتی زمان و رێنووسی کوردی، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

نەریمان. مصطفی (١٩٨٦)، کتێبی کوردی قوتابخانەکانمان، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە (١١٠).

عبدللە. مهاباد کامل (٢٠١٦)، کۆزانیاری زمانی پرۆگرامی خوێندنی زمانی کوردیی ئێستای پرۆگرامەکان و تێڕوانینیان بۆ داهاتو، توێژینەوەکانی یەکەمین کۆنفرانسی پرۆگرامەکان هەولێر. تشریتی دووەم ٢٠١٦.

فەقێ. هەوار عمر (٢٠١٥)، بنەماکانی زمانی پەروەردەییی لە پرۆگرامی خوێندندا (خوێندنی زمانی کوردیی وەك نمونە)، نامەی ماجستێر، زانکۆی سلێمانی، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکولی زمان.

امین. وریا عمر (٢٠١٦)، فۆبیای نووسین، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٣٦)، ساڵی (٢٠١٦).

سەرەچاوە عەرەبییەكان:

ابو عمشة، خالد حسين (٢٠١٥)، المقروئية ماهيتها وكيفية قياسها، شبكة الالوكة، الرياض.www.alukoh.net

بشيرى، صبرينة (٢٠١٥)، مستوى جودة الكتاب اللغة العربية المقرر على تلاميذ المرحلة الرابعة ابتدائي من وجهة نظر مشرفي ومعلمي المرحلة، جامعة محمد خيضر بسكرة، كلية العلوم الانستنية و الاجتماعية، قسم علوم الاجتماعي، شعبة علوم التربية.

جوارانة، محمد سليمان (٢٠٠٨)، مستوى قراءة كتاب التربية الاجتماعية و الوطنية للصف الرابع الاساسى في الاردن , المجلة الاردنيةفي العلوم التربوية، ٢ (٤).

حثروبي، محمد الصالح(١٩٩٧)، نموذج التدريس: اسسه والتطبيقاته، عين مليلة، جزائر، دار الهدى.

حلس، داود درويش (٢٠٠٧)، معاير جودة الكتاب المدرسي ومواصفاته للتلاميذ المرحلة الاساسية الدنيا، بحث مقدم لمؤتمر جودة التليم العام، الجامعة الاسلامية , كلية التربية.

خنان، بلخيري (٢٠١٥)، اللغة الاعلامية دراسة نقدية، رسالة ماجستير، جامعة العربي ابن مهيدي ام البواقي

عياش، يحيى باسم يحيى(٢٠١٥)، انقرائية الاخبار في الصحف الفلسطينية الالترونية، الجامعة الاسلامية بغزة، كلية الاداب، قسم الصحافة والاعلام.

اللقانى، احمد واخرون (١٩٨٦)، طرق تدريس المواد الاجتماعية، كلية التربية، جامعة عين الشمس، القاهرة.

مرعى، توفيق احمد و الحيلة، محمود محمد (٢٠٠٤)، المناهج التربوية الحديثة و مفاهيمها و عناصرها و اسسها و عملياتها، ط ٣، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة، عمان – الاردن.

هندام، يحيى و جابر، جابر (١٩٧٨)، المنهج، الدار النهضة العربية، القاهرة.

الوطبان، عبدالعزيز بن رشيد عبدالعزيز (٢٠١٩)، مستوى مقروئية الصور فى كتاب لغتي الجميلة للصف الرابع الابتدائي، مجلة جامعة القيوم للعلوم التربوية و النفسية، عدد الثالث العشر – جزء الاول.

سەرچاوەی نموونەكان:

محمد زكى امين، تاريخ بۆ صنفى پنجەمى اپتداى(١٩٢٨).

رفيق حلمى، سەرەتاى علمى ژمارە(١٩٣٨)، بەرگى دوەم، چاپخانەی فنيه.

سيد نورى برزنجى و سيد فتاح برزنجى، معلومات دينى لەسەر مذهبى امام شافعى(١٩٣٢)، جزئى يەكەمين، چاپخانەی (دنكور)چاپى دووەمين.

عزيز سامى و ابراهيم شوكت، سەتايەك لە جغرافياى تازە بۆ پۆلى چوارەمى ساوايان،(١٩٤٢)، وەرگێڕی ع.و:نورى، چاپخانەی حكومى – بغدا.

عبدالله عزيز، درس اشيا، (١٩٢٨). چاپخانەی دار السلام-

## پاشکۆی لێکۆڵینەوە:



١٣

«قورسایی و پالە بەستوی هەوا»

زانیتان کە هوا جسمیکە و کوبرد وآو جیگایەك اشغال دەکا هەروەکو اوان ئاسیریکی بو سرحواسمان اەکا آو بەرد وهمو سائلو جامیدیك قورسایسکیان هەیە ممکنە کە پیان کیشین .

آ : بزانین هواش وەکو أمانە یە ؟ دەتوانن بە ودیك بکشین بە ترازویك بلام بو کیشانی آوابی اولا شوشەیی بکیشین لە تەرازودا یا پارسەنگی بکریتەوە لە پاشا پر کری لە آو لە جاری دوم آوەکەش پارسەنگی بوداتری یعنی شوشە جاریك دەکیشری بە بطالی وجار دوەم پردە کری لە آو زیادی یە کە قورسایی آوەکە یە .

أما بوزانین قورسایی هوا اگر پیمان بکری هر بەم نوعە وەکو آو دە یکیشین یعنی جاریك شوشە کە بە بطالی وجار دوم پر لە هوا دە یکیشین .

بلام لازمە بزانین کە ام اصولە بوزانین هوا زور زەحمتە .

چونکە گوتمان هوا داخل هموشتیك و بطالیك دە بی اوشتانەی کە بە بطالی دەبینن لە حقیقتدا پر لە هوا یە . ای چی بکین بو بطالی و بوتی کوشین نە هیشتنی هوا لەم شوشە یەدا ؟ .

(٥١)


رفيق صالح احمد

سەرەتاي جغرافيا

لەلايەني وزارتي معارفەوە بوصنفي — ٣ بە باش زانراوە

دانەر
عزيز سامي

مترجم
ع . و : نوري

چاپخانەی سريان — بغداد

١٩٣٨

**وێنەی (١) :**

وێنـەی دقێکـی نـاو پەڕتووکـی (درس أشـیا ) یـە لـە لاپـەڕە (١٣)، بەناونیشـانی (قورسـایی و پالەپەسـتۆی هـەوا) ، کـە نزیکـەی (١٥) وشـەی عەرەبـی تێـدا بەکارهاتـوە.



« سەرەتای »

علمی ژمارە

بەرگی دووەم

دانەری

رفیق حلمی

ماموستای ریاضیات لەقوتابخانەی

ناوەندی روژ آوا ، لە

بغداد

« حقی لەچاپ دانەوەی هی خاوەنیەتی »

١٩٣٦ م ١٣٥٤ ھ

**وێنەی (٢):**

وێنەی بەرگی پەڕتووکی (سەرەتای جغرافیا) یە، کە لەساڵی (١٩٣٨) لە لایەن (ع.و: نوری) وەگێڕدراوە.



الفلاحی
ترجمەی : محمد زکی أمین
معلم تاریخ وجغرافیای
مکتبی ثانوی شرقیە بغداد
تاریخ
بو صنفی پنجەمی ابتدائی
لە سەر پیش رەوی معارف دروست کراوە
حق چاپ کردنی بو صاحبی دەمینیتەوە
هر نسخەیەك کە مور ویا امضای مؤلفی
بی وەبی نەبە ساختە اژمیردری
محمود حلمی
صاحبی کتیبخانەی عصریە لە بغدادا طلب اکری
لە بغداد لە چاپخانەی (فرات) چاپ کراوە
سالی ١٩٢٨ م - ١٣٤٧ هـ



معلومات دینی
لە سەر مذهبی امام شافعی
جزئی یەکەمین
کردەوەی
سید نوری بەرزنجەیی
مفتش معارف منطقەی
کردستان
سید عبدالفتاح بەرزنجەیی
رئیسی اول لە جیشی عراقدا
چاپی دووەمین
لەسەر رەفە رمایشی وزارتی جلیلەی معارف
لە چاپ درا
بغداد لە چاپخانەی (دنکور) دالە چاپ درا
١٣٥١ هـ
١٩٣٢ م

**وێنەی (٣):**

بریتییە لە بەرگی پەڕتووكی (علمی ژمارە)، كە لەساڵی (١٩٣٨) لە لایەن (رفیق حلمی) دانراوە.